Zanco Journal of Law and Politics
Vol(24), No(41), 2026

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

# ڕێکخستنی یاسایی میکانیزمەکانی پڕاکتیزەکردنی مافی دەنگدان لە عێراق[1]

## (لێکۆڵینەوەیەکی شیکارییە)

| |
|---|
| دیمەن فاضل محمد |
| بەشی یاسا، کۆلێژی یاسا، زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر، هەولێر، هەرێمی کوردستان – عێراق |
| ئیمێڵ:deman.mohammed@su.edu.krd |
| پ. ی. د. شاهۆ غفور احمد |
| بەشی یاسا، کۆلێژی یاسا، زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر، هەولێر، هەرێمی کوردستان – عێراق |
| ئیمێڵ: shaho.ahmed@su.edu.krd |

| وشە کلیلیەکان: | Received: 20/07/2025 | ID No. 4710 |
|---|---|---|
| مافی دەنگدان، دەنگدەر، دەنگدانی ئەلیکترۆنی، دەنگدانی بە بریکارنامە | Accepted: 07/09/2025 | (PP 34 - 65) |
| | Published:15/02/2026 | https://doi.org/10.21271/zjlp.24.41.2 |

### پوختە

پڕاکتیزەکردنی دەنگدان وەک یەکێک لە گرنگترین و کاریگەرترین مافە سیاسییەکان، لە ڕێگەی چەند میکانیزمێکەوە دەبێت کە لە نێو دەستوور و یاسای هەڵبژاردنی وولآتاندا ئاماژەی بۆ کراوە، بە شێوەیەک لە پاڵ گرتنەبەری میکانیزمی دەنگدانی گشتی لە میانەی پرۆسەی دەنگدان، لە هەندێک باردا ڕێگە دراوە پێشوەختە دەنگ بدرێت، ئەمەش لەپێناو مسۆگەرکردنی بێبەش نەبوونی ئەو دەنگدەرانەی ناتوانن لە ڕۆژی دەنگدانی گشتی دەنگ بدەن. لە هەمان کاتدا لە سەردەمی ئێستادا کە بە سەردەمی شۆڕشی دیجیتاڵی ناسێنراوە، وایکردووە وولآتان بیر لە پەنابردن بۆ شێوازی ئەلیکترۆنی بکەنەوە لە پرۆسەی دەنگدان و دوور بکەونەوە لە پەیڕەوکردنی شێوازی کلاسیکی، هەروەها لە سیستەمی یاسایی هەندێک لە وولآتاندا دەبینرێت بوار دراوە لە ڕێگەی بریکارنامەوە مافی دەنگدان پڕاکتیزە بکرێت. بە گەڕانەوە بۆ یاسای هەڵبژاردنی بەرکار لە عێراق و هەرێمی کوردستان، بۆمان دەردەکەوێت کەموکورتی و بۆشایی یاسایی هەیە لە بارەی میکانیزمەکانی چۆنیەتی پڕاکتیزەکردنی مافی دەنگدان لەلایەن دەنگدەرەوە، بێگومان ئەمەش ڕەنگدانەوەی نەرێنی دەبێت لەسەر ڕادەی بەشداری دەنگدەران. سەرباری هەوڵ و هەنگاوەکان، بەڵام تا ئێستا لە عێراق و هەرێمی کوردستان چۆنیەتی پڕاکتیزەکردنی مافی دەنگدان بە شێوازێکی کلاسیکییە، هەروەها ڕێگە نەدراوە بە دەنگدەر لە ڕێگەی بریکارنامەوە پڕاکتیزەی مافی دەنگدان بکات کاتێک ناتوانێت بە شێوەیەکی کەسی دەنگ بدات.

[1] توێژینەوەیەکی هەڵێنجراوە لە ماستەرنامەی قوتابی (دیمەن فاضل محمد)، بە ناونیشانی (ڕێکخستنی یاسایی پرۆسەی دەنگدان لە هەڵبژاردنە نوێنەرایەتیەکاندا – عێراق وەک نموونە) بە سەرپەرشتی (پ. ی. د. شاهۆ غفور احمد)، کە پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی یاسا، زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر دەکرێت.

## پێشەکی

دەنگدان مافێکی دەستووریی و سیاسییە کە بەهۆیەوە هاوڵاتی بەشدار دەبێت لە دروستکردنی بڕیار و ئاڵوگۆڕی ئاشتییانەی دەسەڵات. لە ڕێگەی دەنگدانەوە پرەنسیپی سەروەری گەل بەرجەستە دەبێت و ڕەوایەتی دەدات بە دەسەڵات و دامەزراوەکانی دەوڵەت، بۆیە بە بێ دەنگدان هەڵبژاردن هیچ بەهایەکی نامێنێت.

دەنگدانی گشتی لە پڕۆسەی دەنگدان بە یەکێک لە میکانیزمە باوەکانی پڕاکتیزەکردنی مافی دەنگدان وێنا دەکرێت، کە تیایدا زۆرینەی هاوڵاتییان مافی دەنگدان و بەشداریکردنیان لە پڕۆسەکە دەبێت لە چوارچێوەی مەرجە یاساییە دیاریکراوەکاندا، بەڵام لەپێناو ڕەخساندنی هەلی پڕاکتیزەکردنی مافی دەنگدان بۆ ئەو توێژانەی تر کە ناتوانن لە وادەی دیاریکراوی دەنگدانی گشتی دەنگ بدەن، لە یاسای هەڵبژاردنی ژمارەیەک لە وڵاتاندا میکانیزمی دەنگدانی پێشوەختە گیراوەتەبەر سەرباری پەیڕەوکردنی میکانیزمی دەنگدانی گشتی، یاسادانەری عێراقی و کوردستانیش ئەم ڕێچکەیان گرتۆتەبەر لەم بوارەدا. لە لایەکی ترەوە لە سەردەمی ئێستادا پڕۆسەی دەنگدان هاوشێوەی بوارەکانی تر بێبەش نەبووە لە کاریگەری شۆڕشی تەکنەلۆژیا بەسەریەوە، بە شێوەیەک ئەم پێشکەوتنە بووەتە هۆی سەرهەڵدانی میکانیزمێکی تر لە بواری پڕۆسەی دەنگدان ناودەبرێت بە دەنگدانی ئەلیکترۆنی، کە بەهۆیەوە دەتوانرێت زاڵ بین بەسەر زۆرێک لەو کێشانەی لە دەنگدانی شێوازی کلاسیکیدا ڕووبەڕووی دەبینەوە، هەرچەندە لە عێراق و هەرێمی کوردستان چەند ڕێکارێکی ئەلیکترۆنی لە پڕۆسەی دەنگدان پیادە دەکرێت، بەڵام تا ئێستا دەنگدەر بە شێوازێکی کلاسیکی پڕاکتیزەی مافی دەنگدان دەکات، جگە لەوە ڕێگە نەدراوە بە دەنگدەر لە ڕێگەی بریکارنامەوە بەشدار بێت لە پڕۆسەکە وەک ئەوەی لە سیستەمی یاسایی هەندێک لە وڵاتاندا هەیە.

### گرنگی بابەتی توێژینەوەکە و هۆکارەکانی هەڵبژاردنی:

گرنگی بابەتی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا دەردەکەوێت کە تیایدا تیشک دەخاتە سەر ئەو میکانیزمانەی لە ڕێگەیانەوە مافی دەنگدان پڕاکتیزە دەکرێت لە ماوەی بەڕێوەچوونی پڕۆسەی دەنگدان، هەوڵ دەدات ئەو کەموکورتی و بۆشاییە یاساییانەی کە لە یاسای هەڵبژاردنی بەرکاری عێراق و هەرێمی کوردستان هەیە لەم بوارەدا بخاتەڕوو، هەروەها لە ڕێگەی ڕاسپاردەکانەوە بەرچاوڕوونی دەدات بە یاسادانەر بۆ ئەوەی هاوشان لەگەڵ پێشکەوتنە سەردەمییەکاندا ئامرازی بەشداری هاوڵاتییان بگونجێنێت و میکانیزمی نوێ و سەردەمی پەیڕەو بکات لە پڕۆسەکە بۆ ئەوەی لەم مافە سیاسییە بێبەش نەبن و بەشدار بن لە دروستکردنی بڕیار و ئاڵوگۆڕی ئاشتییانەی دەسەڵات، لێرەدا ئەم توێژینەوەیە ڕێنیشاندەر دەبێت تاوەکو بەپێی پێویست هەمواری یاسا بکرێتەوە، بە تایبەت لە بواری ئەوەی کە دەنگدەر بتوانێت بە ئاسانترین شێواز پڕاکتیزەی مافی خۆی بکات.

### ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

ئامانج لەم توێژینەوەیە بریتییە لە لێکۆڵینەوە و شرۆڤەکردنی ئەو شێواز و میکانیزمانەی لە نێو یاسای هەڵبژاردنی بەرکاری عێراق و هەرێمی کوردستان کاریان پێدەکرێت لە پڕۆسەی دەنگدان، لە هەمان کاتدا لەپێناو باشتربوونی ئەم پڕۆسەیە و کاریگەرتربوونی لێکۆڵینەوە لە هەندێک میکانیزمی سەردەمییانە دەکرێت کە لە ژمارەیەک لە وڵاتان کاریان پێدەکرێت و کاریگەری باشیان هەیە لەسەر بەرزبوونەوەی ڕێژەی دەنگدەران بەڵام لە سیستەمی یاسایی عێراق و هەرێمی

کوردستان کاریان پێ ناکرێت، هەوڵ دەدرێت بەرچاوڕوونی بدرێت بە خوێنەر و دەنگدەر و یاسادانەر لە بەرەوپێشبرنی ئەم میکانیزمانە بە ڕێکخستنی یاسایی پتەو.

## گرفتی توێژینەوەکە:

گرفتی توێژینەوەکە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە لە نێو یاسای هەڵبژاردنی بەرکاری عێراق و هەرێمی کوردستان کەموکورتی و بۆشایی یاسایی هەیە لە بارەی میکانیزمەکانی چۆنیەتی پراکتیزەکردنی مافی دەنگدان لە پرۆسەی دەنگدان، لێرەدا چەند پرسیارێک دەخەینەڕوو: میکانیزمە کلاسییەکانی دەنگدان چین و چۆن لە ڕێگەیانەوە مافی دەنگدان پراکتیزە دەکرێت؟ چ پەیوەندییەک هەیە لە نێوان میکانیزمی دەنگدانی گشتی و پرۆسەی دیموکراسی؟ لە بنەڕەتدا دەنگدانی تایبەت بۆچی پێویستە؟ پەنابردن بۆ میکانیزمە سەردەمییەکان چ کاریگەرییەکیان دەبێت لەسەر بەرزبوونەوەی ڕێژەی بەشداریکردنی دەنگدەران؟ چ کەموکورتییەک هەیە لەو شێواز و میکانیزمانەی دەنگدان کە لە عێراق و هەرێمی کوردستان پەیڕەو دەکرێن، و چۆن چارەسەر بکرێن؟

## چوارچێوەی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا تیشک دەخەینە سەر میکانیزمەکانی پراکتیزەکردنی مافی دەنگدان لە هەڵبژاردنە نوێنەرایەتییەکاندا بە شێوەیەکی گشتی، دواتر شیکردنەوە و لێکدانەوە لەو شێواز و میکانیزمانە دەکەین کە لە نێو یاسای هەڵبژاردنی عێراق و هەرێمی کوردستان – عێراق پەیڕەو دەکرێن لە بواری پرۆسەی دەنگدان، هەروەها خستنەڕووی ئەو میکانیزمانەی کە پێویستە لە عێراق و هەرێمی کوردستان کاریان پێبکرێت، بەو پێیەی کاریگەری دەبێت لەسەر ڕادەی بەشداری دەنگدەران و ڕەوایەتی و پاک و بێگەردی پرۆسەکە، توێژینەوەکە ناچێتە نێو لێکدانەوەی مافی دەنگدان و ووردەکاری پرۆسەی دەنگدان. هەرچەندە ئێمە لە ناونیشانی توێژینەوەکە ئاماژەمان کردووە بە عێراق، بەڵام شرۆڤە و لێکۆڵینەوە لەم بابەتە دەکەین لە هەرێمی کوردستانیش وەک بەشێك لە وولاتی فیدراڵی عێراق.

## میتۆدی توێژینەوەکە:

لە نووسینی توێژینەوەکەدا بە شێوەیەکی بنەڕەتی پەیڕەوی لە میتۆدی شیکاری دەکەین، کە لە ڕێگەیەوە دەقەکانی دەستووری کۆماری عێراق ساڵی ٢٠٠٥، و یاسای هەڵبژاردنی بەرکار لە عێراق و هەرێمی کوردستان – عێراق، و سیستەم و ڕێنماییەکانی دەرچوو لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق لە شوێنەکانی پەیوەست بەم بوارەدا شیدەکرێنەوە، لەگەڵ دەرخستنی کەلێن و کەموکورتییەکانیان و چۆنیەتی چارەسەرکردنیان. لەگەڵ ئەوەی ئەمە لێکۆڵینەوەیەکی شیکارییە، بەڵام لە هەمان کاتدا لە دووتوێی توێژینەوەکەدا هەندێک نموونەی بەراووردکاریمان هێناوەتەوە بۆ پاڵپشتیکردنی بیرۆکەی سەرەکی توێژینەوەکەمان بە ئامانجی بەرەوپێشبردنی سیستەمی یاسایی لە عێراق و هەرێمی کوردستان.

## پلانی توێژینەوەکە:

لەپێناو وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی توێژینەوە و گەنگەشەکردن و ڕوونکردنەوەی لایەنە جیاوازەکانی بابەتی سەرەکی توێژینەوەکە، پلانی توێژینەوەکە دابەش دەکەین بەسەر دوو باسی سەرەکیدا: لە (باسی یەکەم) تیشک دەخەینە سەر میکانیزمە کلاسیکییەکان بۆ دەنگدان، و لە (باسی دووەم)دا میکانیزمە سەردەمییەکان بۆ دەنگدان دەخەینەڕوو. هەر

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

باسێک دابەش دەکەین بەسەر دوو (تەوەر)دا، و هەر تەوەرێک دابەش دەکەین بەسەر دوو (لق)دا. لە کۆتاییدا دەرئەنجام و ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە دەخەینەڕوو.

## باسی یەکەم

## میکانیزمە کلاسیکییەکان بۆ دەنگدان

هەر لە کۆنەوە تا ئێستاش میکانیزمە کلاسیکییەکانی دەنگدان لەلایەن وڵاتانەوە بە شێوەیەکی بەربڵاو کاریان پێدەکرێت لە کاتی بەڕێوەچوونی پڕۆسەی دەنگدان، ئەمەش بە مەبەستی ڕەخساندنی بواری پڕاکتیزەکردنی مافی دەنگدان و بەشداریکردنی بەرزترین ڕێژەی دەنگدەران لە پڕۆسەی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیان، بە جۆرێک تا بکرێت زۆرترین ژمارە لە تاکەکان بە بێ جیاکاری هاوبەشی بکەن لە دروستکردنی بڕیار و ئاڵوگۆڕی ئاشتییانەی دەسەڵات، کە بە دڵنیاییەوە ئەمەش کاردانەوەی ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر زیاتر ڕەوایەتیدان بە پڕۆسەکە، ئەم میکانیزمانەش بریتین لە دەنگدانی گشتی و دەنگدانی پێشوەختە. بە مەبەستی زیاتر خستنەڕووی ئەم بابەتە، لەم باسەدا تیشک دەخەینە سەر میکانیزمی دەنگدانی گشتی لە پڕۆسەی دەنگداندا (تەوەری یەکەم)، دواتر دەنگدانی پێشوەختە لە پڕۆسەی دەنگدان دەخەینەڕوو (تەوەری دووەم).

### تەوەری یەکەم

### میکانیزمی دەنگدانی گشتی لە پڕۆسەی دەنگداندا

دەنگدانی گشتی هەژمار دەکرێت بە یەکێک لە کۆنترین و باوترین میکانیزمە کلاسیکییەکانی پڕاکتیزەکردنی مافی دەنگدان کە لەلایەن وڵاتانەوە لە نێو دەستوور و یاساکانیاندا پەنای بۆ دەبرێت و ئاماژەی بۆ دەکرێت، و بەهۆیەوە زۆربەی تاکەکان مافی دەنگدانیان بۆ فەراهەم دەبێت و دەتوانن بەشدار بن لە پڕۆسەی دەنگدان، بە شێوەیەک بەپێی ئەم میکانیزمە دەنگدەران لە وادەیەکی دیاریکراودا بەشدار دەبن لە پڕاکتیزەکردنی مافی دەنگدان، کە لە ڕێگەیەوە هەڵدەستن بە دەربڕینی ویست و بۆچوونی خۆیان بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیان. بە ئامانجی ڕوونکردنەوەی زیاتر بۆ ئەم میکانیزمە، لەم تەوەرەدا لە سەرەتادا بەشداری دەنگدەران لە ڕۆژی دەنگدانی گشتیدا دەخەینە بەرباس (لقی یەکەم)، لە دواتردا تیشک دەخەینە سەر گرنگی دەنگدانی گشتی لە بەهێزکردنی پڕۆسەی دیموکراسیدا (لقی دووەم).

#### لقی یەکەم

#### بەشداری دەنگدەران لە ڕۆژی دەنگدانی گشتیدا

دەنگدانی گشتی لە ژیانی دەستووریی وڵاتە دیموکراسییەکان بۆتە بابەتێکی دانپیانراو، بەو پێیەی دان بە یەکسانی کردەیی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا دەنێت بە بێ جیاوازیکردن لە نێوانیاندا، بۆیە بڕیاردان لەسەر دەنگدانی گشتی بۆتە کارێکی پێویست و دیموکراسییەت وا دەخوازێت، چونکە مەبەستی دیموکراسی بەشداری پێکردنی زۆرترین خەڵکە لە ژیانی گشتیدا، بەمەش دەنگدانی گشتی بۆتە کۆڵەگەیەکی سەرەکی لە کۆڵەگەکانی دیموکراسی هاوچەرخ، چونکە سیمبولێکە بۆ

بەشداری لە ژیانی سیاسی و کاروبارە گشتییەکان[1]. کەواتە دەتوانین بڵێین پەیوەندییەکی بەهێز و بەتین هەیە لە نێوان دیموکراسی و دەنگدانی گشتی.

مەبەستمان لە دەنگدانی گشتی لێرەدا بریتیە لەو میکانیزمەی کە تیایدا زۆرینەی هاوڵاتییان مافی دەنگدانیان بۆ دەستەبەر دەبێت لە چوارچێوەی مەرجە یاساییە دیاریکراوەکاندا، و دەنگدەران لە وادەی دیاریکراوی دەنگدانی گشتیدا بەشدار دەبن لە پرۆسەی دەنگدان و پراکتیزەکردنی ئەم مافە. کەواتە لە دەنگدانی گشتیدا زۆربەی هاوڵاتییان مافی دەنگدانیان بۆ فەراهەم دەبێت و بازنەی ئەو کەسانەی ناتوانن یان نایانەوێت بەشدار بن لە دەنگدانی گشتی زۆر بەرتەسک دەبێتەوە بە جۆرێک تەنها ئەوانەی کە تەمەنیان بچووکە یاخود شیاوییان نییە لەو مافە بێبەش دەکرێن و ناتوانن بەشدار بن لە پرۆسەی هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیان[2]. بە شێوەیەکی گشتی ئەوەی کە بەربڵاوە لە وولاتاندا بریتییە لەوەی وادەی دەنگدانی گشتی بە یەک ڕۆژ دیاری دەکرێت و لەو ڕۆژەدا زۆرینەی هاوڵاتییان ڕوو لە وێستگەکانی دەنگدان دەکەن و هەڵدەستن بە پراکتیزەکردنی مافی خۆیان لە دەنگدان، بە شێوەیەک لە دوای ڕۆژی دیاریکراوی دەنگدانی گشتی هیچ کەسێک مافی دەنگدانی نامێنێت. شایەنی ئاماژە بۆ کردنە، وادەی دەنگدانی گشتی مەرج نییە یەک ڕۆژی دیاریکراو بێت، بەڵکو دەکرێت دوو ڕۆژ بێت یاخود چەند ڕۆژێکی دیاریکراو بێت لە نێو ئەو وادەی کە دیاریکراوە بۆ دەنگدانی گشتی، بە جۆرێک دەکرێت زیاتر لە مانگێک بخایەنێت هەروەک ئەوەی لە سیستەمی هەڵبژاردنی وولاتی هیندستاندا هەیە[3].

زۆربەی دەستوور و یاساکانی هەڵبژاردنی وولاتان لە پێشوو و لە کاتی ئێستادا ئەم میکانیزمەیان پەیڕەو کردووە، و مەرجی دارایی و خوێندەوارییان بۆ بەشداربوون لە پرۆسەی دەنگدان دیاری نەکردووە کە لە قۆناغەکانی پێشوودا کاری پێ دەکرا، بەپێی ئەم ڕێگەیە یاسا ئەو کەسانە دیاری دەکات کە بەشدار دەبن لە پرۆسەی هەڵبژاردن و دەنگدانی گشتی[4]، بە واتای لە چوارچێوەی مەرجە یاساییەکاندا تاکەکان دەتوانن بەشدار بن لە پرۆسەی دەنگدانی گشتی. شایەنی باسە ئەم میکانیزمە لە ماوەی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا بڵاو بوویەوە[5]، و فەرەنسا یەکەم وولات بوو کە ئەم شێوازەی پەیرەو کرد بەپێی دەستووری فەرەنسی ساڵی ١٧٩٣[6]، پاشان لە وولاتانی تردا کاری پێکرا. میکانیزمی دەنگدانی گشتی کە خۆی دەنوێنێت لە دابینکردنی مافی دەنگدان بۆ سەرجەم هاوڵاتییان لە چوارچێوەی مەرجە یاساییەکاندا بە بێ جیاکاری، یەکێکە لە بنەما و پێوەرە سەرەکییەکانی پرۆسەی دەنگدانێکی ئازاد و پاک و بێگەرد و

---

[1] خامۆش عمر عبدالله، چوارچێوەی دەستوری و یاسایی هەڵبژاردن، چاپی یەکەم، جاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٦، ل٩٠.

[2] هەمان سەرچاوە، ل ٨٩.

[3] سرهنك حميد البرزنجي، دراسات دستورية معمقة، الطبعة الأولى، منشورات زين الحقوقية، بيروت-لبنان، 2019، ص 184-185.

[4] محەمەد خورشید تۆفیق، سەرەتایەک بۆ تێگەیشتنی هەڵبژاردن، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٣، ل٢٥.

[5] هەمان سەرچاوە، ل ٢٦.

[6] لەم بارەیەوە بڕوانە: الجزيرة، الاقتراع العام المباشر، متاح على الموقع الالكتروني: https://www.aljazeera.net/encyclopedia/2015/11/16، تاريخ اخر الزيارة 2025/5/31.

دیموکراسییانه[1]. بەو پێیەی پەیڕەوکردن و پیادەکردنی ئەم میکانیزمە دەبێتە هۆی بەرفراوانبوونی بازنەی دەنگدەران بە شێوەیەک بوار دەڕەخسێنێت زۆرترین ژمارەی دەنگدەران بەشداری بکەن لە پرۆسەی دەنگدان ئەمە لە لایەک، لە لایەکی ترەوە هەروەک ئاشکرایە مەبەستی سەرەکی لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن بریتییە لە دیاریکردن و پێکهێنانی دەستەی دەسەڵاتداران لە ڕێگەی خواستی گەلەوە کە بە دەنگدان دەردەبڕدرێت و گوزارشتی لێوە دەکرێت، لەوەشەوە تا ڕێژەی بەشداریکردنی دەنگدەران بەرزتر بێت ئەوا دەسەڵات زیاتر دەربڕی ویستی گەل دەبێت و نزیکتر دەبێتەوە لە خواستی گەل، بە دڵنیاییەوە ئەمەش دەبێتە هۆی سەقامگیری و چالاکبوون و کارابوونی دەسەڵات بە شێوەیەکی گشتی.

سەبارەت بە وولاتی عێراق، بەپێی دەستووری کۆماری عێراق ساڵی ٢٠٠٥ جەخت لە پەیڕەوکردنی میکانیزمی دەنگدانی گشتی کراوەتەوە لە بواری ئاڵوگۆڕی ئاشتییانەی دەسەڵات و وەرگرتنی دەسەڵات و ڕەوابوونی[2]. هەروەها یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەنجوومەنی پارێزگاکان و قەزاکان ژمارە (١٢) ساڵی ٢٠١٨ی هەموارکراو بەم میکانیزمەی وەرگرتووە و تیایدا ئاماژەی کردووە بەوەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران لە یەک ڕۆژدا لە سەرانسەری کۆماری عێراق بەڕێوە دەچێت[3]، بەم شێوەیە هەموو ئەو هاوڵاتییانەی کە مەرجە یاساییەکانی دەنگدانیان تیادایە لەو وادەی دیاریکراوە بۆ دەنگدانی گشتی کە بریتییە لە یەک ڕۆژ ڕوو لە وێستگەکانی دەنگدان دەکەن و گوزارشت لە بۆچوونی خۆیان دەکەن بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیان لە ئەنجوومەنە نوێنەرایەتییەکاندا. شایەنی باسە دوایین پرۆسەی دەنگدانی گشتی بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە ١٠ی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٢١ بەڕێوەچوو، تیایدا ڕێژەی بەشداریکردنی دەنگدەران بە دەنگدانی گشتی و تایبەت گەیشتە ٤٣٪[4]. سەبارەت بە هەرێمی کوردستان – عێراق، بە هەمان هەمان شێوەی عێراق میکانیزمی دەنگدانی گشتی پەیڕەو دەکرێت لە پرۆسەی دەنگدان، و بەپێی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان – عێراق ژمارە (١) ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو تیایدا ئاماژەی کردووە بەوەی دەنگدان لە هەموو لایەکی کوردستان – عێراقدا لە یەک ڕۆژدا دەبێت[5]. هەروەها سەبارەت بە دیاریکردنی وادەی دەنگدانی گشتی، بەپێی یاسا بڕیاردان سەبارەت بەم بابەتە لە ئەرک و فەرمان و دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە، بۆ ئەم مەبەستە سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵدەستێت بە دەرکردنی مەرسومێک بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی پەرلەمانی کوردستان و دیاریکردنی کاتەکەی[6]. شایەنی ئاماژە بۆ کردنە، لە هەرێمی کوردستان – عێراق دوایین پرۆسەی دەنگدانی گشتی بۆ

---

[1] چواس حەسەن، سیستەمەکانی هەڵبژاردن و پێوەرەکانی هەڵبژاردنێکی ئازاد و بێگەرد، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٧، ل ٧٥.

[2] بڕوانە ماددەی (٥) و ماددەی (٦) لە (دستور جمهورية العراق لسنة 2005).

[3] بڕوانە ماددەی (٦/ دووەم) لە (قانون انتخابات مجلس النواب ومجالس المحافظات والاقضية رقم (12) لسنة 2018 المعدل).

[4] المفوضية العليا المستقلة للانتخابات، النتائج – IHEC Website، ص 8، متاح على الموقع الالكتروني: https://share.google/pILotDA2EwGAZZySM، تاريخ اخر الزيارة 2025/2/19.

[5] بڕوانە ماددەی (سیانزەهەم) لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان – عێراق ژمارە (١) ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو.

[6] بڕوانە ماددەی (دوانزەهەم) لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان – عێراق ژمارە (١) ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو. هەروەها بڕوانە ماددەی (دەیەم/ دووەم) لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ٢٠ی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٤ ئەنجامدرا، کە لەم پرۆسەیەدا ڕێژەی بەشداریکردنی دەنگدەران بە دەنگدانی گشتی و تایبەت ٪٧٢ بوو[1].

## لقی دووەم

## گرنگی دەنگدانی گشتی لە بەهێزکردنی پرۆسەی دیموکراسیدا

دەنگدانی گشتی هەژمار دەکرێت بە ئامرازێکی پێویست بۆ گەرەنتیکردنی مافی دەنگدان، بەو پێیەی لە ڕێگەیەوە گوزارشت لە سەروەری گەل دەکرێت[2]. شایەنی باسە پەیوەندییەکی ڕاستەوانە هەیە لە نێوان دەنگدانی گشتی و سیستەمی دیموکراسی، چونکە ئەم میکانیزمە کار دەکات لەسەر بەخشینی مافی دەنگدان و بەشداریکردن لە پرۆسەی دەنگدان بۆ زۆرترین ژمارە لە تاکەکان بە بێ جیاکاری، بۆیە بەو پێیەی دەنگدانی گشتی کار دەکات لەسەر بەرفراوانکردنی چوارچێوەی مافە سیاسییەکان لە نێویاندا مافی دەنگدان، ئەمە دەبێتە هۆی بەدیهێنانی حوکمڕانی گەل بە مانا ڕاستەقینەکەی، و پرۆسەی دەنگدان دەربڕی ویستی ڕاستەقینەی گەل و ڕای گشتی دەبێت[3]. بەمەش میکانیزمی دەنگدانی گشتی دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ زیادکردنی بەشداری سیاسی، چونکە دەنگدەران هەست دەکەن کە کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر پرۆسەی سیاسی[4]، ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی هەستی هاوڵاتیبوون لەلایەن تاکەکانەوە بەوەی کە بەشێکی بەشێکی چالاکن لە بنیاتنانی داهاتووی وواڵتەکەیان. پیادەکردنی دەنگدانی گشتی دەبێتە هۆی زیادبوونی هۆشیاری هاوڵاتییان و گرنگی پێدانیان بە بابەتەکانی حوکمڕانی و کاروبارە گشتییەکان و بەشداری دەکات لە پەروەردەی سیاسی هاوڵاتییان[5]. لە لایەکی ترەوە پەنابردن بۆ ئەم میکانیزمە دەستەبەری ئازادی دەنگدەران دەکات تا ئاستێکی بەرز، بەو پێیەی ئەگەر بتوانرێت دەستکاریکردن و زۆرلێکردن و فشار و کاریگەری بکرێتە سەر ویستی ژمارەیەکی کەم لە تاکەکان لە پرۆسەی دەنگدان، بەڵام ئەستەمە بتوانرێت دەستوەردان بکرێت لە پرۆسەیەکی دەنگدانی بەم ژمارە زۆرە و کاریگەری بکرێتە سەر تێکڕای دەنگدەران لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی بەرتیل و هەڕەشە و ترس و گفت و پەیمانی کەسی[6]. جگە لەوانە پەیڕەوکردنی میکانیزمی دەنگدانی گشتی کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر بەرجەستەکردنی نوێنەرایەتی ڕاستەقینە و دادپەروەرانە لە ئەنجوومەنە نوێنەرایەتییەکاندا، چونکە تا ژمارەی دەنگدەران زیاتر بێت و بازنەی

---

(1) شبكة شمس لمراقبة الانتخابات، تقرير مراقبة انتخاب برلمان إقليم كوردستان – العراق الدورة السادسة 2024، الباب الثامن - نسب المشاركة، ص 66، متاح على الموقع الالكتروني:
https://www.sun-network.org/، تاريخ اخر الزيارة 2025/2/19.

(2) كارون محمد ارزقي، اثر الاقتراع العام المباشر على المركز القانوني لرئيس الجمهورية في الجزائر، مجلة الفكر القانوني والسياسي، المجلد السابع، العدد الثاني، 2023، ص 1020-1038، ص 1024.

(3) محسن خليل، القانون الدستوري والنظم السياسية، بدون مكان الطبع، 1987، ص 441.

(4) Nada Magdy، تعريف الاقتراع والفرق بين الاقتراع والانتخاب، مزايا الاقتراع العام المباشر، متاح على الموقع الالكتروني:
https://qanonbelaraby.com، تاريخ اخر الزيارة 2025/6/2.

(5) ماجد راغب الحلو، النظم السياسية والقانون الدستوري، الطبعة الأولى، منشأة المعارف، الاسكندرية، 2000، ص 149. 149.

(6) فيصل شطناوي، عمومية الاقتراع، كلية الحقوق، الجامعة الأردنية، دراسات، علوم الشريعة والقانون، المجلد 34، (ملحق)، 2007، ص 581-603، ص 583.

بەشداریکردنی دەنگدەران فراوانتر بێت لە پڕۆسەی دەنگدان، ئەوا هەلی هێزە سیاسییە جۆراوجۆرەکان زیاتر دەبێت لە گەیشتن بە ئەنجوومەنی نوێنەران، بەمەش دەرئەنجام ئەنجوومەنی نوێنەران نزیک دەبێتەوە لە نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی گەل[1]. کە ئەمەش ئامانجی سەرەکی حوکمڕانی دیموکراسییە.

## تەوەری دووەم

## دەنگدانی پێشوەختە لە پڕۆسەی دەنگدان

دەنگدانی پێشوەختە[2] یەکێکی ترە لە میکانیزمە کلاسیکییەکان کە لە پڕۆسەی دەنگداندا کاری پێدەکرێت، و لەلایەن وڵاتانەوە ئەم میکانیزمە دەگیردرێتەبەر بە ئامانجی بێبەش نەکردن و بەشداری پێکردنی ئەو کەسانەی کە ناتوانن لە وادەی دیاریکراوی دەنگدانی گشتی دەنگ بدەن بەهۆی ڕەوشی تایبەتی خۆیانەوە. بە مەبەستی زیاتر خستنەڕوو و تیشک خستنە سەر ئەم بابەتە، لەم تەوەرەدا سەرەتا باس لە چۆنیەتی پراکتیزەکردنی مافی دەنگدان لە دەنگدانی پێشوەختە دەکەین (لقی یەکەم)، پاشان لێکەوتەکانی دەنگدانی پێشوەختە لەسەر پڕۆسەی دەنگدان دەخەینەڕوو (لقی دووەم).

### لقی یەکەم

### چۆنیەتی پراکتیزەکردنی مافی دەنگدان لە دەنگدانی پێشوەختە

دەنگدانی پێشوەختە یاخود دەنگدانی زووتر "Advance Voting or Early Voting" خۆی دەنوێنێت لەوەی بریتییە لەو دەنگدانەی کە ڕێگە بە دەنگدەران دەدات دەنگی خۆیان بدەن پێش وادەی دیاریکراوی دەنگدانی گشتی[3]. کەواتە بەپێی ئەم میکانیزمە دەنگدەران هەڵدەستن بە پراکتیزەکردنی مافی دەنگدان و بەشداریکردن لە پڕۆسەی دەنگدان پێش ئەو وادەیەی کە دیاریکراوە بۆ دەنگدانی گشتی، بە واتای ئێمە لێرەدا مەبەستمان لە دەنگدانی پێشوەختە ئەوە نییە کە پڕۆسەی دەنگدان لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا پێشبخرێت، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە کە خەڵکانێک هەن دەنگ دەدەن لە پێش ئەو وادەیەی کە دیاریکراوە بۆ دەنگدانی گشتی، و دەنگدانی گشتی هەر لە وادەی دیاریکراوی خۆیدا بەڕێوە دەچێت و دەنگدانی پێشوەختەش دەبێت بەپێی یاسا لە کاتی دیارکراوی خۆیدا بەڕێوە بچێت. واتا هەر کەسە و ناتوانێت کەی بیەوێت دەنگ بدات بەڵکو لەو ماوەیەدا و لەو شوێنەدا دەنگ دەدات کە یاسا ڕێگەی پێداوە.

---

[1] چواس حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٦.

[2] شایەنی ئاماژە بۆ کردنە، لە وڵاتی عێراق بەپێی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەنجوومەنی پارێزگاکان و قەزاکان ژمارە (١٢) ساڵی ٢٠١٨ی هەموارکراو (قانون انتخابات مجلس النواب ومجالس المحافظات والاقضية رقم (12) لسنة 2018 المعدل)، و هەروەها لە هەرێمی کوردستان – عێراق بەپێی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان – عێراق ژمارە (١) ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، بۆ ئەم میکانیزمە زاراوەی (دەنگدانی تایبەت) بەکارهێنراوە، بەڵام بەو پێیەی زاراوەی (دەنگدانی پێشوەختە) بەربڵاوترە لە وڵاتاندا بۆیە ئێمەش لێرەدا ئەم زاراوەیەمان بەکارهێناوە. لەم ڕووەوە بە تێڕوانینی ئێمە باشتروایە لە عێراق و هەرێمی کوردستان زاراوەی (دەنگدانی تایبەت) بگۆڕدرێت و لە بری ئەوە زاراوەی (دەنگدانی پێشوەختە) بەکاربهێنرێت.

[3] POLYAS Election Glossary, *Advance Voting,* available on website: https://www.polyas.com/election-glossary/advance-voting, last visited 26/2/2025.

زۆربەی دەستوورەکانی وولاتان ئاماژە بە میکانیزمی دەنگدانی گشتی دەکەن لە هەڵبژاردن و ووردەکارییەکانی تری پرۆسەی هەڵبژاردن باس ناکەن، بەڵام پێویستی کارکردن بە میکانیزمی دەنگدانی پێشوەختە وای کردووە یاسادانەران و ئەو لایەنانەی کە بەڕێوەبردنی پرۆسەی هەڵبژاردنیان لە ئەستۆدایە لە نێو یاسای هەڵبژاردنەکانیاندا باس لەم جۆرەی میکانیزمی دەنگدانە بکەن لە چوارچێوەی ڕێکخستنی پرۆسەی هەڵبژاردن یاخود چاکسازی هەڵبژاردن، ئەمەش لە ڕێگەی لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و کەسێتی دەنگدەر یاخود سروشتی کار و شوێنی دەنگدەر لە ڕۆژی دەنگدان، مەبەستی سەرەکی لە پیادەکردنی میکانیزمی دەنگدانی پێشوەختە لە بنەڕەتدا بریتییە لە بەرزکردنەوەی ڕێژەی بەشداریکردن لە پرۆسەی دەنگدان بە تایبەتی لە وولاتە دیموکراسییەکان کە هۆشیاری هەڵبژاردنیان لە ئاستێکی بەرچاودایە ئەمە لە لایەک[1]، لە لایەکی ترەوە پەیڕەوکردنی ئەم میکانیزمە دەبێتە هۆی هێنانەدی هەلی یەکسان لە بەشداریکردن لە پرۆسەی دەنگدان[2]. شایەنی باسە وەرگرتن بە میکانیزمی دەنگدانی پێشوەختە لە پرۆسەی دەنگدان لە هەر یاسایەکی هەڵبژاردن بە شێوەیەکی هەڕەمەکی نەهاتووە، بەڵکو لە ئاکامی لێکۆڵینەوە و ستراتیژیەتی پەیوەندیدار بە چاکسازی هەڵبژاردن لە ڕێگەی پەرەپێدان و پێشخستنی چوارچێوەی یاسایی و ئیداری بۆ هەڵبژاردن هاتۆتە کایەوە[3].

یەکێک لە چاکسازییەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن بریتییە لە ئاسانکاریکردنی ڕێگەکانی بەشداریکردن لە پرۆسەی دەنگدان بۆ توێژی دیاریکراو، بە نموونە نەخۆشانی نەخۆشخانەکان، کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت، کەسانی بە تەمەن، کەسانی نیشتەجێی دەرەوەی وولات و هەروەها کەسانی نێو بەندیخانەکان، بۆ ئەم مەبەستەش بە نموونە لە وولاتانی ئەوروپا هەوڵی زۆر درا بۆ ئەوەی پراکتیزەکردنی مافی دەنگدان ئەو کەسانەش بگرێتەوە، ئەمەش بە مەستی بەرزکردنەوەی ئاستی بەشداریکردن لە پرۆسەی دەنگدان بە شێوەیەک کە کاریگەری نەکاتە سەر پاک و بێگەردی پرۆسەی دەنگدان[4].

سەبارەت بە شێوازەکانی میکانیزمی دەنگدانی پێشوەختە، ئەم میکانیزمە دوو شێوازی سەرەکی هەیە، بە جۆرێک یان کەسییە کە لەم شێوازەدا دەنگدەر هەڵدەستێت بە پراکتیزەکردنی مافی خۆی لە دەنگدان لە نووسینگەی دەستەی ئیدارەی هەڵبژاردنەکان، یان لە وێستگەیەکی ئاسایی هەڵبژاردن، یاخود لە هەر شوێنێکی تری کراوە بۆ دەنگدانی پێشوەختە. شێوازەکەی تری میکانیزمی دەنگدانی پێشوەختە بریتییە لە پۆستە کە دەنگدەر داوای دەکات یاخود کاغەزی دەنگدان و پێداویستییەکانی تری پەیوەندیدار بە دەنگدان بۆ دەنگدەر دەنێردرێت و دواتر ئەم پێداویستییانە لەلایەن دەنگدەرەوە دەگەڕێندرێتەوە بۆ دەستەی ئیدارەی هەڵبژاردنەکان. لە هەندێک وولاتاندا هەردوو شێوازی کەسی و پۆستە تێکەڵ دەکرێت و دەگیردرێتەبەر بۆ ئەنجامدانی دەنگدانی پێشوەختە[5].

---

[1] سرهنك حميد البرزنجي، مصدر سابق، ص 190-191.

[2] The ACE Electoral Knowledge Network, *Voting Procedures*, available on website: https://aceproject.org/ace-en/topics/, last visited 28/2/2025.

[3] سرهنك حميد البرزنجي، المصدر السابق، ص 192.

[4] الان وول وآخرون، اشكال الإدارة الانتخابية، دليل المؤسسة الدولية للديمقراطية والانتخابات، تعريب ايمن أيوب بمساهمة من علي الصاوي، منشورات المؤسسة الدولية للديمقراطية والانتخابات (International IDEA)، ستوكهولم-السويد، 2007، ص 368-373.

[5] شبكة المعرفة الانتخابية ace، الاقتراع المبكر، متاح على الموقع الالكتروني: https://aceproject.org/ace-ar/topics/، تاريخ اخر الزيارة 2025/3/1.

شایەنی ئاماژە بۆ کردنە، لە وولاَتی عێراق میکانیزمی دەنگدانی پێشوەختە بە شێوەیەکی ڕوون لە نێو یاسای هەڵبژاردندا خراوەتەڕوو و توێژەکانی دیاریکراوە، بە جۆرێک بەپێی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەنجوومەنی پارێزگاکان و قەزاکان ژمارە (١٢) ساڵی ٢٠١٨ی هەموارکراو، بریتین لە سەربازان و هێزەکانی پاراستنی نیشتمانی و هێزەکانی ئاسایشی ناوەخۆ و ئاوارەکان[1]، هەروەها کاتی ئەنجامدانی پڕۆسەکەشی دیاریکردووە کە (٤٨) کاتژمێر پێش ڕۆژی دەنگدانی گشتی بەڕێوە دەچێت[2]. سەبارەت بە هەرێمی کوردستان – عێراق، هاوشێوەی عێراق بەپێی یاسای هەڵبژردنی پەرلەمانی کوردستان – عێراق ژمارە (١) ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو پەیڕەوی لەم میکانیزمە دەکرێت، بەڵام لە ڕووی ئەو توێژانەی کە بۆیان هەیە بەم میکانیزمە دەنگ بدەن جیاوازییان هەیە، بە جۆرێک بەپێی یاسای ناوبراو ئاماژەی کردووە بەوەی پڕۆسەی دەنگدانی تایبەت کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوەخۆ و زێرەڤانی هەرێم (پێشمەرگە) و سوپا و کارمەندانی نەخۆشخانەکان و بەندیخانەکان و نەخۆشانی نەخۆشخانەکان و بەندکراوانی بەندیخانەکان لە چەند ناوەندێکی تایبەت بە خۆیان ئەنجام دەدرێت... بە مەرجێک پێش چل و هەشت کاتژمێر لە وادەی دەستپێکردنی هەڵبژاردنەکان ئەنجام بدرێت[3]، و بەپێی سیستەمی دەنگدان و ژماردن و جیاکردنەوە بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١) ساڵی ٢٠٢٣ دەبینین هەروەک یاسای ناوبراو ئاماژەی بە دەنگدانی پێشوەختە کردووە[4]، هەروەها بە هەمان شێوە لە نێو ڕێکارەکانی دەنگدان و ژماردن و جیاکردنەوەی ئەلیکترۆنی و دەستی بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان – عێراق ٢٠٢٤ ئاماژە بە دەنگدانی پێشوەختە کراوە[5]. بە بۆچوونی ئێمە باشتروایە یاسادانەری عێراقی و کوردستانی ڕێگە بەو هاوڵاتییانەش بدەن کە نیشتەجێی دەرەوەی عێراق و هەرێمی کوردستانن یاخود ئەو کەسانەی کە گەشتکردنەکەیان بۆ دەرەوەی وولات دەکەوێتە ڕۆژی دەنگدانی گشتی و ناشتوانن گەشتەکەیان دوا بخەن بۆ کات و وادەیەکی تر لە ڕێگەی پڕۆسەی دەنگدانی پێشوەختە دەنگ بدەن، بەو پێیەی لە عێراقدا بەپێی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەنجوومەنی پارێزگاکان و قەزاکان ژمارە (١٢) ساڵی ٢٠١٨ی هەموارکراو هاوڵاتی عیراقی لە دەرەوەی عێراق ناتوانێت مافی خۆی لە دەنگدان پڕاکتیزە بکات تەنها لە ناوەوەی عێراقدا نەبێت[6]، بە واتای تاکی عێراقی ئەو کاتە بۆی هەیە دەنگ بدات کە لە ناوەوەی عێراقە، بەڵام لە دەرەوەی عێراق ناتوانێت پڕاکتیزەی ئەم مافە بکات هەرچەندە سەرجەم مەرجە یاساییەکانی تری دەنگدانی تیادا بێت. لە هەرێمی کوردستانیش سەبارەت بەم بابەتە هاوشێوەی عێراقە. لەم ڕووەوە بە تێڕوانینی ئێمە زیادکردنی ئەم توێژە لە پڕۆسەی دەنگدانی پێشوەختە لە نێو یاسای هەڵبژاردنی عێراق و هەرێمی کوردستان دەبێتە ئاسانکاری و گەرەنتییەک بۆ پڕاکتیزەکردنی مافی دەنگدان لەلایەن ئەم کەسانەوە بۆ ئەوەی ئەمانیش بێبەش نەبن لە

---

[1] بڕوانە ماددەی (٤٦/ یەکەم) و ماددەی (٤٧/ یەکەم/ ب) لە (قانون انتخابات مجلس النواب ومجالس المحافظات والاقضية رقم (12) لسنة 2018 المعدل).

[2] بڕوانە ماددەی (٤٦/ یەکەم) لە (قانون انتخابات مجلس النواب ومجالس المحافظات والاقضية رقم (12) لسنة 2018 المعدل).

[3] بڕوانە ماددەی (شەستەم) لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان – عێراق ژمارە (١) ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو.

[4] بڕوانە ماددەی (٢/ سێیەم) لە (نظام الاقتراع والعد والفرز لانتخاب برلمان إقليم كوردستان – العراق رقم (1) لسنة 2023). هەروەها بڕوانە ماددەی (١/ ١١) لە هەمان سیستەمی ئاماژە بۆ کراو.

[5] بڕوانە بەشی (شەشەم) لە (إجراءات الاقتراع والعد والفرز الالكتروني واليدوي لانتخاب برلمان إقليم كوردستان – العراق 2024)، ل ٥١.

[6] بڕوانە ماددەی (٤٧/ دووەم) لە (قانون انتخابات مجلس النواب ومجالس المحافظات والاقضية رقم (12) لسنة 2018 المعدل).

بەشداریکردن لە پڕۆسەی دەنگدان ئەمە لە لایەک، لە لایەکی ترەوە بەشداریکردنی ئەم توێژە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی بەشداریکردنی دەنگدەران لە پڕۆسەی دەنگدان بە شێوەیەکی گشتی، یاخود دەکرێت بۆ ئەم دۆخە میکانیزمی دەنگدانی ئەلیکترۆنی یان دەنگدانی بە بریکارنامە بگیردرێتەبەر کە لە داهاتوودا لە باسی دووەمدا دەیخەینەڕوو. هەروەها جگە لەوە بە بۆچوونی ئێمە پێویستە یاسادانەری عێراقی ڕێگە بدات بە نەخۆشانی نێو نەخۆشخانەکان و بەندکراوانی نێو بەندیخانەکان لە ڕێگەی میکانیزمی دەنگدانی پێشوەختە دەنگ بدەن، بەو پێیەی لە نێو یاسای هەڵبژاردنی بەرکاردا ئاماژەی بەم توێژانە نەکردووە لە چ کاتێکدا دەنگ دەدەن کە ئەمەش کەموکورتی و بۆشاییە، بۆیە بە تێروانینی ئێمە پێویستە ئەم توێژانەش ئاماژەیان بۆ بکرێت لە نێو یاسادا تا ئەمانیش لەم مافە دەستووریی و سیاسییە بێبەش نەبن.

شایەنی باسە پڕۆسەی دەنگدانی پێشوەختە لە عێراق و هەرێمی کوردستان لە ماوەی یەک ڕۆژدا بەڕێوە دەچێت کە بەر لە دوو ڕۆژ لە وادەی ئەنجامدانی دەنگدانی گشتی ئەنجام دەدرێت، بەڵام لە هەندێک وڵاتانی تردا بە نموونە لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەم پڕۆسەیە چەند ڕۆژێکی دیاریکراو پێش ئەنجامدانی پڕۆسەی دەنگدانی گشتی دەخایەنێت کە لەلایەن دەسەڵاتی تایبەتمەند بە سەرپەرشتیکردن و ئیدارەی پڕۆسەی هەڵبژاردنەکان دیاری دەکرێت[1]، بۆیە لێرەدا پێمان باشە لە عێراق و هەرێمی کوردستان وادەی بەڕێوەچوونی پڕۆسەی دەنگدانی پێشوەختە لە یەک ڕۆژ بکرێتە سێ ڕۆژ، بەو پێیەی دەنگدانی پێشوەختە لە بنەڕەتدا بۆ دۆخی نائاسایی دانراوە بۆ ئەو کەسانەی کە ناتوانن لە ڕۆژی دەنگدانی گشتی بەشداری بکەن لە پڕۆسەکە، بەڵام ڕەنگە ئەو کەسانە نەتوانن لە یەک ڕۆژدا دەنگ بدەن بۆیە ئەگەر ماوەکە چەند ڕۆژێک بێت دەبێتە هۆی پێدانی هەلی زیاتر بەو کەسانە تا بتوانن پراکتیزەی مافی خۆیان بکەن لە دەنگدان و لە بەشداریکردن لە پڕۆسەی دەنگدان بێبەش نەبن.

## لقی دووەم

## لێکەوتەکانی دەنگدانی پێشوەختە لەسەر پڕۆسەی دەنگدان

گرتنەبەری میکانیزمی دەنگدانی پێشوەختە لە پڕۆسەی دەنگدان چەندین لێکەوتەی لێدەکەوێتەوە، بە جۆرێک لە گرنگترین سوودەکانی دەنگدانی پێشوەختە خۆی دەنوێنێت لەوەی ئەم میکانیزمە توانا و کاریگەری باشی هەیە لەسەر زیادکردن و بەرزکردنەوەی ڕێژەی بەشداریکردنی دەنگدەران لە پڕۆسەی دەنگدان، بە شێوەیەک ئەمە هەژمار دەکرێت بە ڕاستەوخۆترین سوودی دەنگدانی پێشوەختە، لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە کە دەنگدانی پێشوەختە دەتوانێت ببێتە هۆی زیادبوونی بەشداریکردنی گشتی[2]، چونکە ڕێگەدان بەم میکانیزمە دەبێتە هۆی پێدانی هەلی پراکتیزەکردن و بەشداریکردن لە پڕۆسەی دەنگدان بۆ ئەو کەسانەی کە ناتوانن لە ڕۆژی دەنگدانی گشتی دەنگ بدەن بەهۆی ڕەوشی تایبەتی خۆیانەوە. هەروەها دەنگدانی پێشوەختە دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی دەستڕاگەیشتنی دەنگدەران لە هاوبەشیکردنی پڕۆسەی دەنگدان، بەو پێیەی زۆرجار دەستپێشخەرییەکانی دەنگدانی پێشوەختە ڕێوشوێنی باشترکردنی دەستڕاگەیشتن بۆ کەسانی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان، بەساڵاچووان و ئەوانەی لە ناوچە دوورەکان دەژین لەخۆ دەگرێت، ئەمەش دڵنیایی

---

[1] سرهنك حميد البرزنجي و داليا شيركو شاكر، التصويت الخاص في التشريعات الانتخابية، دراسة مقارنة، مجلة دراسات قانونية وسياسية، السنة الرابعة، العدد الثامن، تشرين الأول 2016، ص 87-124، ص 93.

[2] بيير يعقوب، الانتخابات الرئاسية الامريكية، أهمية ومؤشرات التصويت المبكر في الانتخابات الرئاسية الامريكية، متاح على الموقع الالكتروني:
https://marsad.ecss.com.eg/82817، تاريخ اخر الزيارة 2025/6/5.

دەدات لەوەی کە دەنگدەرانی زیاتر هەلی بەشداریکرنیان لە پرۆسەی دیموکراسیدا هەیە. جگە لەوانە دەنگدانی پێشوەختە بە میکانیزمێکی گونجاو وێنا دەکرێت، بەو پێیەی کاتی چاوەڕوانی و وەستان لە ڕیز و هێڵە درێژەکان لە ڕۆژی دەنگدان کەم دەکاتەوە، و بارگرانی لەسەر کارمەندانی بەرپرس لە بەڕێوەبردنی پرۆسەی دەنگدان لە وێستگەکان لە ڕۆژی دەنگدان کەم دەکاتەوە[1]. خاڵێکی تری ئەرێنی میکانیزمی دەنگدانی پێشوەختە دەتوانین بڵێین بریتییە لەوەی پیادەکردنی ئەم میکانیزمە دەبێتە هۆی ڕزگاربوون لە بەربەستە ئەگەرییەکان لە ڕۆژی دەنگدانی گشتی، وەک پابەندییەکانی کار یاخود پرسە کەسییە چاوەڕواننەکراوەکان کە ڕەنگە ڕێگری لە تاکەکان بکەن لە دەنگدان لە ڕۆژی دەنگدانی گشتی.

سەرەڕای سوودەکانی دەنگدانی پێشوەختە، بەڵام ئەم میکانیزمە بەدەر نییە لە نەبوونی کەموکوڕی و خاڵی نەرێنی، بە جۆرێک دیارترین کەموکوڕییەکانی پیادەکردنی دەنگدانی پێشوەختە لە بواری پرۆسەی دەنگدان بریتییە لە نەبوونی میکانیزمێکی ڕوون کە بە شێوەیەکی بنبڕ و یەکلاکەرەوە پشتڕاستی بکاتەوە و دڵنیایی بدات لە نەبوونی هەلی ساختەکاری و دەستکاریکردن و یاریکردن بە دەنگەکان، بە تایبەت ئەوانەی لە ڕێگەی پۆستەوە دەنێردرێن، و کێشە لۆجیستییەکانی پەیوەست بە بەڕێوەبردنی شوێنەکانی دەنگدانی پێشوەختە خاڵێکی تری نەرێنییە کە ڕووبەڕووی ئەم میکانیزمە کراوەتەوە[2]. جگە لەوە دەنگدانی پێشوەختە ڕەنگە زیان بەو یەکگرتوویی مەدەنییە بهێنێت کە دەنگدەران لە سەرانسەری وولات لە یەک ڕۆژدا دەربچن بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیان[3]، هەروەها زیادبوونی تێچوو و بارگرانی دارایی کە دەکەوێتە سەر ئیدارەی هەڵبژاردنەکان یەکێکی ترە لە کەموکوڕییەکانی ئەم میکانیزمە، بۆیە بەشێوەیەکی گشتی هەرچەندە دەنگدانی پێشوەختە دەبێتە هۆی فەراهەمکردنی هەلی بەشداریکردنی زیاتری دەنگدەران لە پرۆسەی دەنگدان، لە بەرامبەردا جۆرێک لە بارگرانی دارایی زیاتر دروست دەکات لەسەر ئیدارەی هەڵبژاردنەکان بەراوورد بە تێچووی دەنگدانی گشتی[4]. بەڵام بوونی خاڵە ئەرێنییەکان و ئەو کاریگەرییە بەرچاوانەی کە لە ئاکامی وەرگرتن بە میکانیزمی دەنگدانی پێشوەختە بەدی دێن وایکردووە وولاتە دیموکراسییەکان بە شێوەیەکی چڕ پەنای بۆ بەرن لە نێو یاسای هەڵبژاردنەکانیاندا.

شایەنی ئاماژە بۆ کردنە، دوایین پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە ١٠ی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٢١ بەڕێوەچوو، بە جۆرێک لەم هەڵبژاردنەدا پرۆسەی دەنگدانی پێشوەختە لە ٨ی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٢١ ئەنجامدرا بۆ ئەو توێژانەی کە لە ڕێگەی ئەم میکانیزمەوە بۆیان هەیە دەنگ بدەن، پرۆسەکە لە کاتژمێر (٧)ی بەیانی تا کاتژمێر (٦)ی ئێوارەی خایاند، کە تیایدا ڕێژەی بەشداریکردنی دەنگدەرانی تایبەت لەم پرۆسەیەدا ٦٩٪ بوو[5]. سەبارەت بە هەرێمی

---

(1) LWV LEAGUE OF WOMEN VOTERS, *Why We're Voting Early*, available on website:
https://www.lwv.org/blog/why-were-voting-early, last visited 3/3/2025.

(2) بيير يعقوب، الانتخابات الرئاسية الامريكية،أهمية ومؤشرات التصويت المبكر في الانتخابات الرئاسية الامريكية، متاح على الموقع الالكتروني:
https://marsad.ecss.com.eg/82817، تاريخ اخر الزيارة 2025/6/5.

(3) Hans A. von Spakovsky, *Early Voting Disadvantages Seem to Outweigh Benefits*, available on website:
https://www.heritage.org/election-integrity/commentary/early-voting-disadvantages-seem-outweigh-benefits, last visited 5/6/2025.

(4) سرهنك حميد البرزنجي، مصدر سابق، ص 189-190.

(5) العربية، انتخابات العراق.. 69% شاركوا في التصويت الخاص ولا خروقات امنية، متاح على الموقع الالكتروني:
https://www.alarabiya.net/arab-and-world/iraq/2021/10/09/K ، تاريخ اخر الزيارة 2025/6/6.

کوردستان – عێراق، دوایین پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کە لە ٢٠ی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٤ ئەنجامدرا، تیایدا پرۆسەی دەنگدانی پێشوەختە لە ١٨ی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٤ بەڕێوەچوو لە کاتژمێر (٧)ی بەیانی تا کاتژمێر (٦)ی ئێوارە، بە جۆرێک ڕێژەی بەشداریکردنی توێژەکانی دەنگدانی پێشوەختە گەیشتە ٩٧٪ [1].

## باسی دووەم

## میکانیزمە سەردەمییەکان بۆ دەنگدان

سەرەڕای میکانیزمە کلاسیکییەکانی دەنگدان کە لە پێشوودا باسمان لێوە کرد، میکانیزمی تر هەن بۆ پراکتیزەکردنی مافی دەنگدان و بەشداریکردنی دەنگدەران لە پرۆسەی دەنگدان کە دەتوانین ناویان بنێین بە میکانیزمە سەردەمییەکان، بەو پێیەی ئەم میکانیزمانە بەراوورد بە میکانیزمە کلاسیکییەکان میکانیزمی مۆدێرن و نوێن، و هەروەها لەلایەن ژمارەیەکی کەمتر لە وڵاتانەوە پیادە دەکرێت و کاری پێدەکرێت لە پرۆسەی دەنگدان، کە ئەوانیش بریتین لە دەنگدانی ئەلیکترۆنی و دەنگدانی بە بریکارنامە. بە مەبەستی زیاتر تیشک خستنە سەر ئەم بابەتە، لەم باسەدا پراکتیزەکردنی مافی دەنگدان لە ڕێگەی دەنگدانی ئەلیکترۆنییەوە دەخەینەڕوو (تەوەری یەکەم)، پاشان دەنگدانی بە بریکارنامە لە پرۆسەی دەنگدان باس دەکەین (تەوەری دووەم).

### تەوەری یەکەم

### پراکتیزەکردنی مافی دەنگدان لە ڕێگەی دەنگدانی ئەلیکترۆنییەوە

ئاشکرایە لە سەردەمی ئێستادا شۆڕشی تەکنەلۆژیا بە شێوەیەکی قووڵ کاریگەری کردۆتە سەر ژیانی ڕۆژانە لە هەموو بوارە جیاوازەکانی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی...هتد، بە جۆرێک ئەم پێشکەوتنە لە بواری هەڵبژاردنیش ڕەنگی داوەتەوە و هاتۆتە نێو پرۆسەی دەنگدان و بووەتە هۆی سەرهەڵدانی میکانیزمێکی تری پراکتیزەکردنی مافی دەنگدان کە بریتییە لە دەنگدانی ئەلیکترۆنی. دەنگدانی ئەلیکترۆنی هەژمار دەکرێت بە یەکێک لە میکانیزمە سەردەمی و مۆدێرنەکان کە لە پرۆسەی دەنگدان بەکار دەهێنرێت و لەلایەن هەندێک لە وڵاتانەوە کاری پێدەکرێت، بەو پێیەی تا ئێستا لە هەندێک وڵاتی تردا ئاستی تەکنەلۆژییان نەگەیشتۆتە ئەو ڕادەیە کە بتوانن ئەم میکانیزمە بگرنەبەر و پیادەی بکەن لە پرۆسەی دەنگدان. بە مەبەستی زیاتر خستنەڕوو و شرۆڤەکردنی پێویست سەبارەت بەم میکانیزمە، لەم تەوەرەدا سەرەتا چەمکی دەنگدانی ئەلیکترۆنی لە پرۆسەی دەنگدان دەخەینەڕوو (لقی یەکەم)، دواتر باس لە شێوازەکانی دەنگدانی ئەلیکترۆنی دەکەین (لقی دووەم).

---

[1] کونا KUNA، مفوضية الانتخابات العراقية: 97 بالمئة نسبة التصويت في انتخابات كردستان، متاح على الموقع الالكتروني:
https://www.kuna.net.kw/ArticleDetails.aspx?id=3188428&language=ar، تاريخ اخر الزيارة 2025/6/6.

## لقی یەکەم

## چەمکی دەنگدانی ئەلیکترۆنی لە پرۆسەی دەنگدان

پرۆسەی دەنگدان وەک هەر بوارێک لە بوارەکانی ژیانی سەردەمر تەکنەلۆژیا ڕووی تێکردووە و کاری تێکردووە تا هاوڵاتی بتوانێت دەنگی خۆی بدات لە ماڵەوە، یان لە شوێنی کارەکەی، یاخود لە هەر شوێنێکی تری ئەمر جیهانە. ئەزموونی ووڵاتان سەلماندوویانە کە هاوڵاتی پراکتیزەی مافی خۆی دەکات لە دەنگدان بە ڕێگەی ئەلیکترۆنی بە شێوەیەکی سانا و ئاسان، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەو پێشکەوتنەیە کە جیهانی ئەمڕۆمان پێیدا تێدەپەڕێت[(1)]. بە واتای سەرهەڵدان و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا وایکردووە چیتر پراکتیزەکردنی دەنگدان بەو شێوازە کلاسیکییە ئەنجام نەدرێت کە بۆ ماوەی چەندین ساڵ تاکەکان ڕاهاتبوون لەسەری.

دەنگدانی ئەلیکترۆنی لە ناوەندەکانی دەنگدان یاخود دەنگدان لە ڕێگەی ئینتەرنێت لە هەندێک لە ووڵاتان بەکار دەهێنرێت و لە ئێستادا زۆرێک لە ووڵاتان بیر لە پەیڕەوکردنی شێواز و سیستەمەکانی دەنگدانی ئەلیکترۆنی دەکەنەوە بە ئامانجی باشترکردنی لایەنە جیاوازەکانی پرۆسەی دەنگدان، بەو پێیەی دەنگدانی ئەلیکترۆنی وەک ئامرازێک بۆ پێشخستنی سیستەمی دیموکراسی سەیر دەکرێت، شایەنی ئاماژە بۆ کردنە، میکانیزمی دەنگدانی ئەلیکترۆنی ئەگەر بە شێوەیەکی دروست جێبەجێ بکرێت دەتوانێت هەندێک شێوازی باوی ساختەکاری لە پرۆسەی دەنگدان نەهێڵێت، و هەروەها ئامرازێکی یارمەتیدەر دەبێت لەوەی ژمارەیەکی زۆرتر لە دەنگدەران بتوانن دەنگ بدەن و بەشدار بن لە پرۆسەکە[(2)]. ئەمانە وای کردووە ووڵاتان بە شێوەیەکی فراوانتر پەنا بۆ میکانیزمی دەنگدانی ئەلیکترۆنی بەرن لە پرۆسەی دەنگدان، بۆیە بە دڵنیاییەوە ئەمر تازەگەرییانەی بواری تەکنەلۆژیا بووەتە هۆی باشتر بەڕێوەبردنی پرۆسەی دەنگدان[(3)].

مەبەست لە دەنگدانی ئەلیکترۆنی "Electronic Voting or E-Voting" ڕێگەیەکە بۆ بە دەستهێنانی دەنگی دەنگدەر بە شێوەیەکی ئەلیکترۆنی[(4)]. هەروەها پێناسە کراوە بەوەی بریتییە لە پرۆسەی پراکتیزەکردنی مافی سیاسی لە هەڵبژاردن و دەست نیشانکردنی پاڵێوراوان لە ڕێگەی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای زانیاری لە بری ڕێگە کلاسیکییەکانی وەک کاغەز و سندوقی دەنگدان، دواتر خەزنکردنی ئەنجامەکان لە سیستەمی ئامێری کۆمپیوتەر بەپێی پێوەری هونەری و ئەمنی دیاریکراو بۆ بە دەستهێنانی بەرزترین پلەی شەفافیەت و ووردی و ئەمن کە گەرەنتی پاک و بێگەردی پرۆسەکە بکات بە

---

(1) وهج خضير عباس و سهى زكي نوري، آلية التصويت الالكتروني في الانتخابات البرلمانية (دراسة لتطوير التجربة الانتخابية في العراق)، مجلة المحقق الحلي للعلوم القانونية والسياسية، العدد الرابع، السنة السابعة 2015، ص 450-480، ص 452.

(2) Peter Wolf and others, *Introducing Electronic Voting: Essential Considerations*, Policy Paper, International Institute for Democracy and Electoral Assistance (International IDEA), Stockholm-Sweden, December 2011, p 6.

(3) بسمة محمد امين، التصويت الالكتروني كاحدى آليات التحول الرقمي، دراسة تحليلية للمادة 3 من قانون الهيئة الوطنية للانتخابات رقم 198 لسنة 2017م، مجلة البحوث القانونية والاقتصادية، العدد 86، 2023، ص 553-761، ص 554.

(4) The ACE Electoral Knowledge Network, *Elecrtonic Voting Systems*, available on website:
https://aceproject.org/ace-en/topics/, last visited 5/3/2025.

شێوەیەکی ئەلیکترۆنی[1]. جگە لەوە پێناسەی دەنگدانی ئەلیکترۆنی کراوە بەوەی بریتییە لە پەنابردنە بەر ئامرازە ئەلیکترۆنییەکان لە ئامێر و بەرنامەی کۆمپیوتەری بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن بە هەموو قۆناغەکانی یاخود بەشێکی، وە دوورکەوتنەوە لە ئامراز و ڕێکارە کلاسیکییەکان لە هەڵبژاردنەکان[2].

شایەنی ئاماژە بۆ کردنە، ئەو شێوازانەی تەکنەلۆژیا کە لە سەرەتاوە وەرگیراون و سوودێکی زۆریان لە کارامەیی و کارایی پرۆسەی هەڵبژاردن بەدیهێنا، لە بنەڕەتدا لە بوارەکانی ترەوە هاتوون کە دواتر پەرەیان پێدراوە و تاقیکراونەتەوە بە ووردی، دەنگدانی ئەلیکترۆنی بە شێوەیەکی کردەیی بۆ یەکەمجار لە شەستەکانی سەدەی بیستەم و بە دیاریکراوی لە ساڵی ١٩٦٤ لەلایەن ووڵاتانەوە بەکارهێنرا[3]. پەسەندکردنی بیرۆکەی دەنگدانی ئەلیکترۆنی پێویستی بە بوونی دەقێکی یاسایی هەیە کە جەخت بکاتەوە لە پشتبەستن بە دەنگدانی ئەلیکترۆنی، جگە لەوە دڵنیابوون لە سەلامەتی و متمانەپێکراوی کارکردن بە سیستەمی دەنگدانی ئەلیکترۆنی، هەروەها بڵاوکردنەوەی کەلتووری هۆشیاری سیاسی و هەڵبژاردن لە وەرگرتن بە دەنگدانی ئەلیکترۆنی[4]. بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لە نێو بواری پرۆسەی دەنگدان و سەرهەڵدانی دەنگدانی ئەلیکترۆنی وەک یەکێک لە میکانیزمەکانی پراکتیزەکردنی مافی دەنگدان، دەبێتە هۆی گەرەنتیکردنی ووردی و کارامەیی و خێرایی لە بەڕێوەچوونی پرۆسەی دەنگدان[5]. بە پێچەوانەی دەنگدانی کلاسیکی کە گومانی زۆری لەسەرە لە ڕووی پاک و بێگەردی و ووردی و دروستی ڕێکارەکانی.

یەکێک لە گرنگترین خاڵە ئەرێنییەکانی پشتبەستن بە دەنگدانی ئەلیکترۆنی خۆی دەنوێنێت لە بەرفراوانکردنی چوارچێوەی بەشداری سیاسی هاوڵاتییان لە پرۆسەی دەنگدان ئەمەش بەهۆی ئەو ئاسانکارییانەی کە تەکنەلۆژیای دەنگدانی ئەلیکترۆنی دابینی دەکات بۆ دەنگدەران[6]. هەروەها دەنگدانی ئەلیکترۆنی ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لە کەمکردنەوەی ئەنجامدانی تاوانەکانی دەنگدان لە ماوەی بەڕێوەچوونی پرۆسەکە بەهۆی بەکارهێنانی کامێرا و داتای زیندووی بایۆمەتری بە جۆرێک ئەستەمە جگە لە دەنگدەر کەسێکی تر هەڵسێت بە پراکتیزەکردنی مافی دەنگدان[7]. و پیادەکردنی دەنگدانی ئەلیکترۆنی تا ڕادەیەکی زۆر گەرەنتی ئاسانکاری دەنگدان دەکات بۆ کەسانی نیشتەجێی دەرەوەی ووڵات و ئەو کەسانەی کە دۆخی تایبەتیان هەیە، بە شێوەیەک دەتوانن لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە دەنگ بدەن[8]. جگە لەوانە دەنگدانی ئەلیکترۆنی دەبێتە هۆی زاڵبوون بەسەر ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی دەنگدانی کلاسیکی دەبنەوە و ڕێگری دەکەن لە بەڕێوەچوونی پرۆسەکە لەوانە ڕوودانی کارەساتی سروشتی وەک بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و پەتا،

---

(1) وهج خضير عباس و سهى زكي نوري، المصدر السابق، ص 453.

(2) صدام فيصل كوكز المحمدي، التصويت الالكتروني وامن العملية الانتخابية الالكترونية "دراسة لتطوير التجربة الانتخابية العراقية"، متاح على الموقع الالكتروني:
https://www.researchgate.net، تاريخ اخر الزيارة 2025/3/11.

(3) جمال محمد حسن، العملية الانتخابية ودور التقنيات الحديثة فيها، دار الجامعة الجديدة، الاسكندرية، 2011، ص 151.

(4) المستاري محمد امين و عبار عمر، التصويت الالكتروني وفرض تطبيقه في الجزائر، مجلة القانون العام الجزائري، المجلد الثامن، العدد 02، ديسمبر 2022، ص 333-352، ص 344-348.

(5) صالح حسين علي، التصويت الالكتروني بين القوة والضعف، مجلة الجامعة العراقية، المجلد 19 لوقائع مؤتمر القانون والعالم الرقمي، العدد 19، ايلول 2023، ص 27-39، ص 29.

(6) بسمة محمد امين، مصدر سابق، ص 585.

(7) جمال محمد حسن، المصدر السابق، ص 213.

(8) المستاري محمد امين و عبار عمر، المصدر السابق، ص 338.

نموونەی کرداریش بۆ ئەمە ڤایرۆسی کۆرۆنا "COVID-19" بوو کە لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٠ بە هەموو جیهاندا بڵاوبوویەوە و بووە پەتایەکی جیهانی، بە جۆرێک لە بواری هەڵبژاردندا بووە هۆی ئەنجامنەدانی یاخود دواخستنی پرۆسەی دەنگدان لەو وولاتانەی کە پرۆسەکە بە شێوازێکی کلاسیکی ئەنجام دەدرا، ئەمە بووە هۆی زیاتر پێویستی پەنابردن بۆ تەکنەلۆژیای مۆدێرن و ئامرازە ئەلیکترۆنییەکان لە پرۆسەی دەنگدان[1].

شایەنی باسە ئەگەری لەکارکەوتنی سیستەمی ئەلیکترۆنی یاخود ڕوودانی هەڵە تیایدا، لە گرنگترین ئەو ئاڵەنگارییانەیە کە ڕووبەڕووی پرۆسەی دەنگدانی ئەلیکترۆنی دەبێتەوە[2]. هەروەها ئەگەری ڕووبەڕوونەوەی سیستەمی ئەلیکترۆنی بۆ پرۆسەی هاکردن یەکێکی ترە لەو خاڵە لاوازانەی دەنگدانی ئەلیکترۆنی[3]. جگە لەوانە خاڵێکی تری نەرێنی کە ڕووبەڕووی دەنگدانی ئەلیکترۆنی کراوەتەوە بریتییە لەوەی دەنگدانی ئەلیکترۆنی شەفافیەت ناهێڵێت[4]. بەڵام بە بۆچوونی ئێمە بە پێچەوانەوە بەکارهێنان و پەنابردن بۆ دەنگدانی ئەلیکترۆنی لە پرۆسەی دەنگدان دەبێتە هۆی بەرجەستەکردنی شەفافیەت تا ئاستێکی بەرز، ئەمەش بەهۆی ئەوەی دوورە لە دەستوەردانی مرۆڤ و ئەو هەڵانەی لە میانەی بەڕێوەچوونی پرۆسەی دەنگدان بە شێوازی کلاسیکی دێنە کایەوە. کەواتە دەتوانین بڵێین لەگەڵ بوونی ئەو خاڵە لاواز و نەرێنییانەی کە ئاراستەی دەنگدانی ئەلیکترۆنی کراون، بەڵام هەر یەکێک لەوانە دەکرێت چارەسەر بکرێن لە ڕێگەی پەرەپێدان و پێشخستنی تەکنەلۆژیا و ئامرازی بەکارهێنراو لە پرۆسەی دەنگدانی ئەلیکترۆنی، و گومانیش تیادا نییە لەگەڵ بەردەوامبوونی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا دەنگدانی ئەلیکترۆنی دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگتر و کاریگەرتر بگێڕێت، و ببێتە هۆی ئەوەی وولاتان زیاتر پەنای بۆ بەرن، بەو پێیەی دەنگدانی ئەلیکترۆنی پەیامێکی ڕوونی هەیە بۆ ئەوەی پراکتیزەکردنی مافی دەنگدان لەلایەن دەنگدەرانەوە بە شێوازێکی ئاسانتر و کاراتر بن، بە شێوەیەک تا بکرێت زۆرترین ڕێژە لە دەنگدەران بتوانن بە بێ بارگرانی بەشدار بن لە پرۆسەی دەنگدان و هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیان.

## لقی دووەم

## شێوازەکانی دەنگدانی ئەلیکترۆنی

ئامراز و شێوازی جۆراوجۆر هەیە لە بواری دەنگدانی ئەلیکترۆنی، بەڵام گشتیان کۆکن لەسەر بەکارهێنانی ئامرازە تەکنەلۆژییەکانی سەردەم، لەم ڕووەوە چوار شێوازی سەرەکی هەیە بۆ دەنگدانی ئەلیکترۆنی کە لە خوارەوە باسیان لێوە دەکەین و دەیانخەینەڕوو:

### یەکەم: شێوازی دەنگدانی کارتی کونکراو

ئەم شێوازە لە ساڵانی شەستەکان بەکارهێنراوە، بەپێی ئەمە دەنگدەر هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی کونێک لە کارتی دەنگدان بە بەکارهێنانی ئامێری تەرخانکراوی کونکردن وەک ئاماژەیەک بۆ ئەو پاڵێوراوەی کە دەنگی پێ دەدات، دوای دەنگدان دەنگدەر ڕاستەوخۆ کارتی دەنگدانەکە دەخاتە نێو ئامێرێکی کۆمپیوتەر لە شوێنی دەنگدان، یاخود دەیخاتە نێو

---

[1] بسمة محمد امين، مصدر سابق، ص 591.

[2] وهج خضير عباس و سهى زكي نوري، مصدر سابق، ص 458.

[3] بلغالم علي و مزواغي نبيلة، التصويت الالكتروني: المفهوم والتحديات، مجلة العلوم القانونية والاجتماعية، المجلد الثامن، العدد الثالث، سبتمبر 2023، ص 394-412، ص 401.

[4] Peter Wolf and others, *op. cit.*, p 9.

سندوقی دەنگدان کە دواتر بۆ شوێنێکی ناوەندی کۆکردنەوەی دەنگەکان دەگوازرێتەوە، ئەم شێوازە بۆ یەکەمجار بەکارهێنرا لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ساڵی ١٩٦٤[1]. شایەنی باسە ئەم شێوازی دەنگدانە ناگونجێت لەگەڵ گەشەسەندن و پێشکەوتنی خێرای تەکنەلۆژیی سەردەمی ئەمڕۆمان، بە واتای جیاوازە لەگەڵ ئەو دەنگدنی ئەلیکترۆنییەی کە لە سەردەمی ئێستادا هەیە.

### دووەم: شێوازی سکانکردن

ئەم شێوازە ئامێر و بەرنامەی تایبەت لەخۆ دەگرێت، ئامێرەکان هەڵدەستن بە وەرگرتنی وێنەیەکی ڕوون هەرچی بەرنامەکەیە هەڵدەستێت بە گۆڕینی وێنەکە بۆ داتا و لە ڕێگەی کۆمپیوتەرەوە دەتوانرێت بخوێنرێتەوە، بەپێی ئەم شێوازە دەنگدەر کارتی دەنگدانی پێدەدرێت کە دەتوانرێت بە شێوەیەکی ئەلیکترۆنی بخوێنرێتەوە، ئەم کارتە ناوی پاڵێوراوانی لەسەرە و لە تەک هەر پاڵێوراوێک ڕەمزێکی چاپکراو هەیە لە شێوەی هێلکەیی، یان بازنەیی، یاخود تیرێکی تەواونەکراو، دەنگدەر هەڵدەستێت بە هەڵبژاردنی پاڵێوراوەکەی لە ڕێگەی پڕکردنەوەی شێوە هێلکەییەکە، یان بازنەییەکە، یاخود تەواوکردنی تیرەکە[2]، دوای دەنگدان دەنگدەر ڕاستەوخۆ کارتی دەنگدانەکە دەخاتە نێو ئامێرێکی کۆمپیوتەر لە شوێنی دەنگدان، یاخود دەیخاتە نێو سندوقی دەنگدان کە دواتر بۆ شوێنێکی ناوەندی کۆکردنەوەی دەنگەکان دەگوازرێتەوە، ئامێرە کۆمپیوتەرەکە هەڵدەستێت بە ناسینەوەی ئەو هێمایانەی کە دەنگدەران لەسەر کارتی دەنگدان داویانە و بەپێی ئەمیش دەنگەکان تۆمار دەکات و دەنگەکان تۆمار دەکرێن لە داتابەیس و دواتر کۆ دەکرێنەوە بۆ گەیشتن بە ئەنجامی گشتی[3]، ئەم شێوازە لە وڵاتی نەرویج لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ساڵی ١٩٩٣ بەکارهێنراوە[4].

### سێیەم: شێوازی دەنگدانی ئەلیکترۆنی ڕاستەوخۆ

ئەم شێوازە بە ڕوونترین وێنە دادەنرێت لە ڕووی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لە دەنگدان[5]، بەپێی ئەم ڕێگەیە دەنگدەران ڕاستەوخۆ هەڵدەستن بە دانانی هێمایەک لە نێو ئامێرێکی ئەلیکترۆنی لە ڕێگەی شاشەیەکی ئەلیکترۆنی بە دەست لێدان یان دوگمە یان پێنووسی دیجیتاڵی یاخود ئامێری هاوشێوە، لەم شێوازەدا پێویست بە کارتی دەنگدان ناکات، داتاکانی دەنگدەران لە ڕێگەی ئامێرێکی ئەلیکترۆنی خەزن دەکرێت لەسەر سی دی، یان لە نێو کۆمپیوتەر، یاخود لەسەر کارتی زیرەک بە مەبەستی وێنەی یەدەگ و دڵنیابوونەوە، لە ئێستادا وەرگرتن بەم شێوازە لەلایەن وڵاتانەوە لە زیادبووندایە، هەروەک بەلجیکا، بەڕازیل، ڤەنزوێلا، هیندستان[6]، بە نموونە لە هیندستان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ساڵی ٢٠٢٤ ئەم

---

(1) صالح حسين علي، مصدر سابق، ص 30.

(2) بلغالم علي و مزواغي نبيلة، مصدر سابق، ص 403.

(3) شبكة المعرفة الانتخابية ace، الانتخابات والتكنولوجيا، التكنولوجيا لعمليات التصويت، الأنظمة التصويت الالكترونية، أنظمة المسح الضوئي، متاح على الموقع الالكتروني: https://aceproject.org/ace-ar/topics/ ، تاريخ اخر الزيارة 2025/3/8.

(4) Kai R. T. Larsen, *Voting Technology Implementation,* available on website: https://cacm.acm.org/research/voting-technology-implementation, last visited 8/6/2025.

(5) وهج خضير عباس و سهى زكي نوري، مصدر سابق، ص 462.

(6) صالح حسين علي، المصدر السابق، ص 31.

شێوازە پیادە کرا[1]. شایەنی باسە شێوازی دەنگدانی ئەلیکترۆنی ڕاستەوخۆ دوو جۆری هەیە، بە جۆرێک دەکرێت دەنگدانەکە لە ڕێگەی ئەو ئامێرانەوە بێت کە لە شوێنی دەنگدان دانراون، وەک ئەوەی لە بەلجیکا پیادەی ئەم جۆرە دەکرێت. سەبارەت بە جۆری دووەمیان ناسراوە بە "دەنگدانی ئەلیکترۆنی لە دوور"، کە ئەمەیان لە ڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە دەبێت لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە، ئەم جۆرەیان لە زۆرێک لە وولاتان پەیڕەو دەکرێت بە نموونە کەنەدا، ئیستۆنیا، سویسرا یەکێکی ترە لەو وولاتانە کە ئەم جۆرەیان پیادە دەکات لە دەنگدانی ئەلیکترۆنی کە هەڵدەستێت بە ناردنی ژمارەی نهێنی بۆ دەنگدەر لە ڕێگەی پۆستەوە و دەنگدەر هەڵدەستێت بە دەنگدان لە ڕێگەی ئینتەرنێت یاخود تەلەفۆن[2]، هەروەها لە ئوستڕالیا کە دەنگدان تیایدا ناچارییە، بۆ هەندێک توێژ ڕێگە دراوە لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە دەنگ بدەن[3]. گرتنەبەری دەنگدانی ئەلیکترۆنی لە دوور دەبێتە هۆی نەهێشتنی تێچوو و کێشەکانی دەنگدانی کاغەزی یاخود دەنگدانی ئەلیکترۆنی لە شوێنی دەنگدان ئەمە لە لایەک، لە لایەکی ترەوە تا ڕێگەی بەشداریکردن لە پرۆسەی دەنگدان بۆ دەنگدەران ئاسانتر بکرێت دەبێتە هۆی ئەوەی دەنگدەرانی زیاتر بەشداری لە پرۆسەکە بکەن.

## چوارەم: لێکدان و تێکەڵکردنی زیاتر لە شێوازێک

ئەم ڕێگەیە هەندێک لە وولاتان پەنای بۆ دەبەن کە خۆی دەنوێنێت لە بەکارهێنانی شێوازی ئەلیکترۆنی وەک یارمەتیدەرێک بۆ شێوازی کلاسیکی لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی هەڵبژاردن، بە نموونە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ساڵی ٢٠١٠ شێوازی ئەلیکترۆنی بۆ ژماردن و جیاکردنەوە و ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بەکارهێنا، ئەمەش بە دامەزراندنی مەڵبەندی نیشتمانی ژماردن و جیاکردنەوە، کە ئەو مەڵبەندە بە ژمارەیەکی زۆر لە کۆمپیوتەر و بەرنامە دارێژەی ڕاهێنراو ئامادە کرا[4]. هەندێک لە وولاتانی تریش بەڵکو زۆرینەیان لە یەک کاتدا پشت بە زیاتر لە شێوازێکی دەنگدانی ئەلیکترۆنی دەبەستن لە بەڕێوەبردنی پرۆسەی دەنگدان، بە نموونە لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پشت بە شێوازی دەنگدانی ئەلیکترۆنی ڕاستەوخۆ لە شوێنی دەنگدان دەبەسترێت و هەروەها ڕێگە بە دەنگدەرانی نێو دەریا و سەربازەکانیش دەدرێت کە لە ڕێگەی ئینتەرنێت لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە بن دەنگ بدەن[5].

شایەنی ئاماژە بۆ کردنە، لە وولاتی عێراق لە ئێستادا بەپێی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەنجوومەنی پارێزگاکان و قەزاکان ژمارە (١٢) ساڵی ٢٠١٨ی هەموارکراو ئاماژەی کردووە بەوەی کۆمسیۆن پشت بە دەنگدان و ژماردن و جیاکردنەوەی ئەلیکترۆنی دەبەستێت لە پرۆسەی دەنگدان[6]، بە جۆرێک بەپێی سیستەمی دەنگدان و ژماردن و جیاکردنەوە

---

[1] Sudev Kiyada and Anand Katakam, *How India conducted the world's largest election*, available on website:
https://www.reuters.com/graphics/INDIA-ELECTIONS/, last visited 7/6/2025.

[2] وهج خضير عباس و سهى زكي نوري، مصدر سابق، ص 462-463.

[3] حسين جبار النائلي و بنين قاسم محمد، التنظيم القانوني للتصويت الالكتروني للاختيار أعضاء المجالس النيابية (دراسة مقارنة)، مجلة المحقق الحلي للعلوم القانونية والسياسية، العدد الثاني، السنة الرابعة عشر 2022، ص 396-429، ص 414.

[4] خامۆش عمر عبدالله، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٠٠.

[5] بلغالم علي و مزواغي نبيلة، مصدر سابق، ص 404.

[6] بڕوانە ماددەی (١٦) لە (قانون انتخابات مجلس النواب ومجالس المحافظات والاقضية رقم (12) لسنة 2018 المعدل).

جیاکردنەوە بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقی ژمارە (٩) ساڵی ٢٠٢٥ میکانیزمی دەنگدانەکە بریتییە لە دانانی کارتی بایۆمەتری دەنگدەر لە نێو ئامێرێکی تایبەت و دڵنیابوونەوە لە ناسنامەی کەسەکە لە ڕێگەی پەنجەمۆرەوە، دواتر کاغەزی دەنگدان دەدرێت بە دەنگدەر و دەنگدەر هەڵدەستێت بە نیشانەکردنی کاغەزی دەنگدان لە تەک ئەو پاڵێوراوەی کە دەیەوێت دەنگی پێ بدات لە ڕێگەی بەکارهێنانی پێنووسێکی تەرخانکراو بۆ ئەم مەبەستە، پاشان دەنگدەر کارتی دەنگدانەکەی دەخاتە نێو ئامێری ژماردن و جیاکردنەوەی ئەلیکترۆنی[1]. سەبارەت هەرێمی کوردستان – عێراق، لە دوایین هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کە لە ٢٠ی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٤ ئەنجامدرا پرۆسەکە بە هەمان ئەو میکانیزمەی کە لە عێراق گیراوەتەبەر بەڕێوەچوو، بەو پێیەی بەپێی سیستەمی دەنگدان و ژماردن و جیاکردنەوە بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١) ساڵی ٢٠٢٣ تیایدا هاتووە کە پرۆسەی دەنگدان بە شێوەی ئەلیکترۆنی بەڕێوە دەچێت لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامێری دڵنیابوونەوە ..."[2]، هەروەها بەپێی ڕێکارەکانی دەنگدان و ژماردن و جیاکردنەوەی ئەلیکترۆنی و دەستی بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان – عێراق ٢٠٢٤ تیایدا جەختی کردۆتەوە لە گرتنەبەری ئەم میکانیزمە و هەنگاوەکانی دەنگدانی دیاریکردووە[3].

دەتوانین بڵێین پەنابردن بۆ ئەم ڕێکارانە لە پرۆسەی دەنگدان کە لە ئێستادا لە عێراق و هەرێمی کوردستان پەیڕەو دەکرێت ڕۆڵێکی کاریگەر و ئەرێنی هەبووە لە ڕێگریکردن لە دووبارە دەنگدان و ساختەکاری لە پرۆسەی دەنگدان بەراوورد بە هەڵبژاردنەکانی پێشووتر، ئەمەش لە ڕێگەی دروستکردنی کارتی بایۆمەتری دەنگدان و دابینکردنی ئامێر و گرتنەبەری چەند ڕێکارێک لە کاتی دەنگدانی دەنگدەر، بە دڵنیاییەوە ئەمەش ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر پاک و بێگەردی و بەهێزبوونی پرۆسەکە، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بڵێین ئەو میکانیزمەی کە لە عێراق و هەرێمی کوردستان پەیڕەو دەکرێت لە پرۆسەی دەنگدان، تەنها ژماردن و جیاکردنەوەکە بە شێوەیەکی ئەلیکترۆنی ئەنجام دەدرێت، بەڵام لە ڕووی شێوازی دەنگدانی دەنگدەر تا ئێستا بە شێوازێکی کلاسیکی بەڕێوە دەچێت و دەنگدەر کاغەزی دەنگدانی پێ دەدرێت بۆ نیشانەکردن و دواتر دەبێت بچێتە سەر سندوقی دەنگدان، بە واتای نەتوانراوە هاوشان لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەم بەرەو پێش بچێت وەک ئەوەی لەو وڵاتانەی کە لە پێشوودا ئاماژەمان بۆیان کرد لە پرۆسەی دەنگدانی ئەلیکترۆنی کاری پێدەکرێت، بەو پێیەی پرۆسەی دەنگدانی ئەلیکترۆنی لەو وڵاتانەدا بە بێ بەکارهێنانی ئامرازە کلاسیکییەکانی وەک کاغەز و سندوقی دەنگدان بەڕێوە دەچێت، بۆیە لێرەدا بە پێویستی دەزانین لە عێراق و هەرێمی کوردستان شێوازی کلاسیکی لە پراکتیزەکردنی دەنگدان نەمێنێت و بکرێتە شێوازی ئەلیکترۆنی، بە جۆرێک بۆ هاوڵاتییانی ناوەوەی عێراق و هەرێمی کوردستان شێوازی دەنگدانی ئەلیکترۆنی ڕاستەوخۆ لە شوێنی دەنگدان پەیڕەو بکرێت، بە واتای دەنگدەر بچێتە وێستگەی دەنگدان و لەوێدا دەنگ بدات بەڵام بە شێوەیەکی ئەلیکترۆنی بە دەست لێدان لەسەر شاشەیەکی ئەلیکترۆنی یاخود ئامێری هاوشێوە، هەروەها بۆ هاوڵاتییانی نیشتەجێی دەرەوەی عێراق و هەرێمی کوردستان یاخود ئەو هاوڵاتییانەی ناتوانن لە ڕۆژی دەنگدان لە شوێنی دەنگدان ئامادە بن بەهۆی دۆخی تایبەتی خۆیانەوە شێوازی دەنگدانی ئەلیکترۆنی لە

---

[1] بڕوانە ماددەی (سێیەم/ یەکەم/ أ و ث) لە (نظام الاقتراع والعد والفرز لانتخاب مجلس النواب العراقي رقم (9) لسنة 2025).

[2] بڕوانە ماددەی (٣/ یەکەم/ ١) لە (نظام الاقتراع والعد والفرز لانتخاب برلمان إقليم كوردستان – العراق رقم (1) لسنة 2023).

[3] بڕوانە (إجراءات الاقتراع والعد والفرز الالكتروني واليدوي لانتخاب برلمان إقليم كوردستان – العراق 2024)، دەنگدانی دەنگدەران، هەنگاوەکانی دەنگدان، ل ١٧-١٩.

دوور لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە پیادە بکرێت[1]، بێگومان پیادەکردنی ئەم شێوازانە وا دەکات بارگرانی لەسەر دەنگدەر نامێنێت و وای لێ دەکات بە ئاسانترین شێواز پڕاکتیزەی مافی خۆی بکات لە دەنگدان، دەرئەنجام کاریگەری باشی دەبێت لەسەر بەشداریکردنی زیاتری دەنگدەران لە پڕۆسەی دەنگدان، کە دواجار ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەرێنی دەبێت لەسەر کۆی پڕۆسەکە.

## تەوەری دووەم

## دەنگدانی بە بریکارنامە لە پڕۆسەی دەنگدان

یەکێکی تر لە میکانیزمە سەردەمییەکان کە لە بواری پڕۆسەی دەنگدان کاری پێدەکرێت بریتییە لە میکانیزمی دەنگدانی بە بریکارنامە، بە جۆرێک هەندێک لە وولاتان ڕێگە بە دەنگدەر دەدەن کەسێکی تر لە شوێنی خۆی دەست نیشان بکات بۆ پڕاکتیزەکردنی مافی دەنگدان، لەو بارانەی کە لە نێو یاسای هەڵبژاردنەکانیاندا دیارییان کردووە بۆ ئەم میکانیزمە و هەروەها ئاماژەیان کردووە بە ڕێوشوێنەکانی چۆنیەتی گرتنەبەری ئەم میکانیزمە. بە مەبەستی زیاتر خستنەڕوو و ڕوونکردنەوەی پێویست سەبارەت بەم بابەتە، لەم تەوەرەدا سەرەتا مەبەست لە دەنگدانی بە بریکارنامە دەخەینەڕوو (لقی یەکەم)، لە دواتردا تیشک دەخەینە سەر چۆنیەتی پڕاکتیزەکردنی دەنگدانی بە بریکارنامە (لقی دووەم).

### لقی یەکەم

### مەبەست لە دەنگدانی بە بریکارنامە

دەنگدانی بە بریکارنامە "Proxy Voting" پێناسە دەکرێت بەوەی تاکێکی ڕێگەپێدراو هەڵدەستێت بە دەنگدان لە شوێنی دەنگدەر[2]. کەواتە دەنگدانی بە بریکارنامە لە پڕۆسەی دەنگدان لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە میکانیزمێکە تیایدا کەسێکی تر لە شوێنی دەنگدەر پڕاکتیزەی مافی دەنگدان دەکات بەو جۆرەی کە دەنگدەر داوای کردووە.

ژمارەیەکی زۆر کەم لە سیستەمی هەڵبژاردنی وولاتان مافیان داوە بە دەنگدەران بریکارێک لە شوێنی خۆیان دیاری بکەن بۆ دەنگدان لە بری ئەوان، دەکرێت مافی دەنگدان بە بریکارنامە بدرێت کاتێک دەنگدەر ناتوانێت بگاتە وێستگەی دەنگدان

[1] شایەنی ئاماژە بۆ کردنە، لە ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان کە لە ٢٠١٧/٩/٢٥ ئەنجامدرا، بۆ هاونیشتمانیانی کوردستانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بەم شێوازە دەنگ دەدرا بە بەڵێ یان نەخێر، بۆ ئەوەی لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی هەرێمەکەیان بەشداری بکەن و بێبەش نەبن.

[2] International IDEA, Global in-country proxy voting data, *proxy voting*, available on website: https://www.idea.int/data-tools/tools/special-voting-arrangements/proxy-voting-in-country, last visited 17/3/2025.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

بەهۆی بێ توانایی یاخود ئامادەنەبوونی لە شوێنی دەنگدان لە ڕۆژی دەنگدان[1]، شایەنی باسە ئەم میکانیزمە وەک ئامرازێک بۆ کەمکردنەوەی ساختەکاری لە پرۆسەی دەنگدان خراوەتەڕوو[2].

چەندین هۆکار هەیە بۆ ئەوەی لە ڕێگەی بریکارنامەوە دەنگ بدرێت لەوانە گەشتکردن، نەخۆشی، کەمئەندامی جەستەیی، بوونی کار لە ڕۆژی دەنگدان، دووری شوێنی دەنگدان لە شوێنی نیشتەجێبوون، ...هتد. وولاتی فەرەنسا بە سەرمەشق و پێشەنگ دادەنرێت لە بواری دەنگدانی بە بریکارنامە، لە پێشوودا تا ساڵی ٢٠٠٣ دەنگدەر دەیتوانی لە ڕێگەی بریکارنامەوە دەنگ بدات تەنها ئەگەرهاتوو "هۆکارێکی باش"ی هەبوایە کە ناتوانێت بە شێوەیەکی کەسی دەنگ بدات وەکو ئامادەنەبوون بەهۆی ئەرک و پابەندبوونە پیشەییەکان، کەمئەندامی، هۆکارە تەندروستییەکان یان چاودێریکردنی کەسێکی کەمئەندام، نەخۆش یاخود کەسێکی بە تەمەن. بەڵام دواتر ئەم مەرجانە سووککران لە ساڵی ٢٠٠٣، بە جۆرێک لە ئێستادا دەکرێت دەنگدان لە ڕێگەی بریکارنامەوە پراکتیزە بکرێت تەنانەت ئەگەر هۆکاری ئامادەنەبوونەکە بەهۆی پشووەوە بێت[3]. شایەنی ئاماژە بۆ کردنە، لە هەڵبژاردنی پێشوەختەی پەرلەمانی فەرەنسا ساڵی ٢٠٢٤، وەزارەتی ناوەخۆی فەرەنسا بڵاوی کردەوە کە ژمارەی داواکارییەکان بۆ دەنگدان لە ڕێگەی بریکارنامە بەراوورد بە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٢٢ زیاتر لە شەش هێندە زیادی کردووە[4]. ئەم هەڵکشانە لە داواکاری بۆ دەنگدانی بە بریکارنامە گوزارشت لە هۆشیاری زیاتری دەنگدەرانی فەرەنسی دەکات لە گرنگی بەشداریکردن لە پرۆسەی دیموکراسی و هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیان.

یەکێکی تر لەو وولاتانەی کە بە میکانیزمی دەنگدانی بە بریکارنامەی وەرگرتووە لە پرۆسەی دەنگدان وولاتی جەزائیرە، بە جۆرێک بە گوێرەی یاسای ئۆرگانی جەزائیری ژمارە (٢١-٠١) ساڵی ٢٠٢١ی پەیوەندیدار بە سیستەمی هەڵبژاردن ڕێگەی داوە بە دەنگدەر پراکتیزەی مافی دەنگدان بکات لە ڕێگەی بریکارنامە لەسەر داواکاری خۆی[5]. بە گەڕانەوە بۆ یاسای ناوبراو، دەبینین ئاماژەی بە کۆمەڵێک حاڵەت کردووە کە بەهۆیانەوە دەتوانرێت لە ڕێگەی بریکارنامەوە پراکتیزەی مافی دەنگدان بکرێت، لەوانە ئەو نەخۆشانەی لە نێو نەخۆشخانەن یاخود لە ماڵەوە چارەسەر وەردەگرن، کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت و بەساڵاچووان، ئەو کرێکار و کارمەندانەی لە دەرەوەی شوێنی نیشتەجێبوونیان کار دەکەن و لە ڕۆژی دەنگدان لە شوێنی کارەکانیان دەمێننەوە، خوێندکارانی زانکۆ و خوێندکارانی تر کە لە دەرەوەی شوێنی نیشتەجێبوونیان دەخوێنن، ئەو هاوڵاتییانەی بە شێوەیەکی کاتی لە دەرەوەی وولاتن، ئەندامانی سوپای نیشتمانی و ئەمنی نیشتمانی و پاراستنی شارشتانی و فەرمانبەرانی گومرگی جەزائیری و ئەوانەی لە نێو بەندیخانەکان کار دەکەن و لە ڕۆژی دەنگدان لە شوێنی کارەکانیان دەمێننەوە. هەروەها ئەو هاوڵاتییانەی کە لە دەرەوەی وولات نیشتەجێن سەرەڕای ئەوەی دەتوانن لەبەردەم نوێنەرایەتی دیپلۆماسی و کونسڵگەری جەزائیری پراکتیزەی مافی خۆیان بکەن لە دەنگدان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆیان هەیە لە ڕێگەی

(1) The ACE Electoral Knowledge Network, Voting Procedures, *Proxy Voting*, available on website:
https://aceproject.org/ace-en/topics/, last visited 17/3/2025.
(2) Baptiste Coulmont, « Citoyens à plusieurs : la procuration, un contrat de confiance ? ». *Crises de confiance ?* La Découverte, 2020, p 142-158, p 143.
(3) Margret Wood, *Proxy Voting in France*, available on website:
https://blogs.loc.gov/law/2017/06/proxy-voting-in-france/, last visited 21/3/2025.
(4) MCD مونت كارلو الدولية، منذ أن حل ماكرون البرلمان.. ارتفاع غير مسبوق في طلبات التوكيلات للانتخابات التشريعية، متاح على الموقع الالكتروني:
https://www.mc-doualiya.com، تاريخ اخر الزيارة 2025/3/22.
(5) بڕوانە ماددەی (١٥٧) لە (قانون العضوي الجزائري رقم (21-01) لسنة 2021 المتعلق بنظام الانتخابات).

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

بریکارنامەوە دەنگ بدەن لەسەر داواکاری خۆیان، ئەگەر نەیانتوانی لە ڕۆژی دەنگدان ئامادە بن لەبەردەم نوێنەرایەتی دیپلۆماسی و کونسڵگەری جەزائیری[1].

## لقی دووەم

## چۆنیەتی پڕاکتیزەکردنی دەنگدانی بە بریکارنامە

دەنگدانی بە بریکارنامە چەند ڕەگەزێکی سەرەکی لەخۆ دەگرێت کە خۆی دەبینێتەوە لە پێشکەشکردنی داواکارییەک لەلایەن دەنگدەرەوە، تیایدا هۆکاری داواکردنی بۆ بریکاری دەنگدان ڕوون دەکاتەوە و ناوی بریکارەکەی تیادا دەنووسرێت، و داواکارییەکە واژوو دەکرێت لەلایەن هەریەک لە دەنگدەری تۆمارکراو و بریکار. دواتر پێویستە ئەم داواکارییە بگاتە دەستەی ئیدارەی هەڵبژاردنەکان لە کاتێکی گونجاو پێش ڕۆژی دەنگدان بۆ دیاریکردن و ئاگادارکردنەوەی وێستگەکانی دەنگدان بە ناوی بریکارەکانی دەنگدان. و سەبارەت بە گونجاوی هۆکار و شایستەیی بریکاری ناوبراو بۆ دەنگدان لە بری دەنگدەر لەلایەن دەستەی ئیدارەی هەڵبژاردنەکانەوە دیاری دەکرێت. ڕەگەزێکی تر بریتییە لە پێدانی ئاگاداری و کۆپییەک لە داواکاری بریکارنامەی پەسەندکراو بە بەڕێوەبەرانی وێستگەکانی دەنگدان کە تۆماری هەڵبژاردنیان لایە بە ناوی ئەو دەنگدەرانەی داوای بریکارنامەیان کردووە. و کاتێک بریکار ئامادە دەبێت لە وێستگەی دەنگدان پێویستە لەسەر بەڕێوەبەری وێستگە ووردبینی و دڵنیابوونەوە بکات لەوەی ئەو بریکارەی کە بەرامبەریەتی خودی ئەو کەسەیە کە لەلایەن دەنگدەرەوە دیاریکراوە. هەروەها پێویستە لەسەر بەڕێوەبەرانی وێستگەکانی دەنگدان پارێزگاری لە لیستی ناوی ئەو بریکارانە بکەن کە دەنگیان داوە[2].

سەبارەت بە وولاتی عێراق لە بارەی پیادەکردنی دەنگدانی بە بریکارنامە لە پرۆسەی دەنگدان، دەبینین یاسادانەری عێراقی بەم میکانیزمەی وەرنەگرتووە، بەڵکو بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە ڕێگەی پێ نەداوە، بەو پێیەی بەپێی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەنجوومەنی پارێزگاکان و قەزاکان ژمارە (١٢) ساڵی ٢٠١٨ی هەموارکراو تیایدا ئاماژەی کردووە بەوەی ناکرێت بریکارنامە بکرێت لە دەنگدان[3]. دەربارەی هەرێمی کوردستان - عێراق، هاوشێوەی عێراق یاسادانەری کوردستانی لە نێو یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان - عێراق ژمارە (١) ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو جەختی کردۆتەوە لەوەی نوێنەرایەتی کردن لە دەنگداندا ڕێگەی پێ نادرێت[4].

یەکێک لەو میکانیزمانەی کە چاودێرانی ئەمریکی لە بارەی هەڵبژاردنەکانی فەرەنسا پێیەوە زۆر سەرسامن بریتییە لە توانای دەنگدان لە ڕێگەی بریکارنامە، دەنگدانی بە بریکارنامە بەپێی ماددەکانی (L71-L78) هەروەها ماددەکانی (R72-R80) لە یاسای هەڵبژاردنی فەرەنسی ڕێکخراوە، بنەمای بنەڕەتی خۆی دەنوێنێت لەوەی کاتێک دەنگدەر ناتوانێت دەنگ

---

[1] بڕوانە ماددەی (١٥٧) و ماددەی (١٥٨) لە (قانون العضوي الجزائري رقم (21-01) لسنة 2021 المتعلق بنظام الانتخابات).

[2] شبكة المعرفة الانتخابية ace، اجراءات الاقتراع، التصويت بالوكالة او بالإنابة، متاح على الموقع الالكتروني: https://aceproject.org/ace-ar/topics/، تاريخ اخر الزيارة 2025/3/18.

[3] بڕوانە ماددەی (٤/ دووەم) لە (قانون انتخابات مجلس النواب ومجالس المحافظات والاقضية رقم (12) لسنة 2018 المعدل).

[4] بڕوانە ماددەی (بیست و نۆیەم/ چوارەم) لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان - عێراق ژمارە (١) ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو.

بدات لە ڕۆژی دەنگدان، لەو شوێنەی کە دەنگدەری تیادا تۆمارکراوە دەتوانێت دەسەڵات بدات بە کەسێکی تر لە شوێنی ئەو دەنگ بدات[1]. بریکارنامەکە دەکرێت داوا بکرێت لە هەر کاتێکدا پێش ڕۆژی دەنگدان، بەڵام لە ئەگەری دواکەوتنی داواکارییەک، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو کاتەی کە پێویستە لە ناردنی بریکارنامەکە بۆ شارەوانی و بە ئەنجامگەیاندنی، ئەگەری ئەوە هەیە کە بریکارەکە نەتوانێت لە شوێنی دەنگدەر دەنگ بدات. بە واتای لەگەڵ ئەوەی وادەی یاسایی کۆتایی نییە، بەڵام پێویستە ئەم بەڵگەنامە فەرمییە پێش کاتێکی گونجاو تەواو بکرێت تا ئیدارە لەبەرچاوی بگرێت. شایەنی باسە بۆ ئەنجامدانی بریکارنامە لەسەر دەنگدەر پێویستە فۆڕمێکی ئۆنلاین پڕ بکاتەوە لە ڕێگەی وێبسایتی (MaProcuration.gouv.fr) پاشان پەسەندی بکات بە شێوەیەکی کەسی لە بنکەی پۆلیس، بنکەی زێرەڤانی، یان کونسڵخانە. یاخود دەکرێت دەنگدەر ڕاستەوخۆ بچێتە یەکێک لەم شوێنانەی سەرەوە فۆڕمێکی کاغەزی پڕ بکاتەوە. و بۆ تەواوکردنی ئەم بەڵگەنامەیە پێویست بە ژمارەی هەڵبژاردنی نیشتمانی ئەو کەسە دەکات کە دەنگدەر دەیەوێت بریکارنامەی پێ بدات، ئەم ژمارەیەش لەسەر کارتی هەڵبژاردن خراوەتەڕوو. شایەنی ئاماژە بۆ کردنە، دەکرێت دەنگدەر بریکارنامەکە هەڵبوەشێنێتەوە لە هەر کاتێکدا (لە ڕێگەی پڕکردنەوەی فۆڕمێک لە بنکەی زێرەڤانی، بنکەی پۆلیس، ...هتد). لەگەڵ ئەوەی دەنگدەر بریکارنامەی کردووە، بەڵام دەتوانێت خۆی بچێت و دەنگ بدات، بە مەرجێک پێشتر بریکارەکە لە شوێنی ئەو دەنگی نەدابێت[2]. شایەنی باسە پێش بڵاوبوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا "COVID-19"، میکانیزمی دەنگدانی بە بریکارنامە تەنها لە پێنج وڵات ڕێگەپێدراو بوو کە ئەوانیش بریتی بوون لە: (فەرەنسا، بەلجیکا، هۆڵەندا، پۆڵەندا، سوید)، بەڵام لە دواتردا پەتاکە بووە هۆی پەنابردنی وڵاتانی تر بۆ ئەم میکانیزمە لە پرۆسەی دەنگدان[3]، ئەمەش بە مەبەستی دڵنیابوون لە بەشداریکردنی دەنگدەران کە بە دڵنیاییەوە هێزی بزوێنەری هێنانەکایەی ئەم ڕێوشوێنە بووە[4].

شایەنی ئاماژە بۆ کردنە، ئەم بریکارنامەیە دۆخێکی یاسایی تایبەتی هەیە بە جۆرێک هەمان ئەو ڕێکارانەی لەسەر پیادە ناکرێت کە بۆ بریکارنامەی ئاسایی هەیە لە بوارەکانی تر، بەو پێیەی بریکارنامەکە لە کاتی ئامادەکردنی ملکەچی کۆمەڵێک مەرج دەبێت، بە نموونە وەک ئەوەی لە نێو یاسای ئۆرگانی جەزائیری ژمارە (٢١-٠١) ساڵی ٢٠٢١ی پەیوەندیدار بە سیستەمی هەڵبژاردن دیاریکراوە، لەوانە پێویستە بریکارنامەکە لەسەر یەک بەڵگەنامەی چاپکراو ئامادە بکرێت، بە نموونە چاپکراوی بریکارنامە بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجوومەنە میللییەکانی شارەوانی دەبێت ڕەنگی سپی بێت و چاپکراوی بریکارنامەی تەرخانکراو بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجوومەنە میللییەکانی ولایەت دەبێت ڕەنگی شین بێت. و پێویستە لە نێو چاپکراوی بریکارنامەکە نازناو و ناوی هەریەک لە بریکاردەر و بریکار و بەروار و شوێنی لە دایکبوونیان و ناونیشانیان و پیشەکەیان و

---

[1] Margret Wood, *Proxy Voting in France*, available on website: https://blogs.loc.gov/law/2017/06/proxy-voting-in-france/, last visited 20/3/2025.

[2] Cécile de Sortiraparis and others, *LEGILATIVE ELECTIONS 2024: HOW TO VOTE BY PROXY?*, available on website: https://www.sortiraparis.com/en/news/in-paris/articles/273526-legislative-elections-2024-how-to-vote-by-proxy, last visited 20/3/2025.

[3] Piret Ehin and Liisa Talving, « Elections and Special Voting Arrangements », in : Clara Egger and others (edit.), *Covid-19 Containment Policies in Europe*, Pittsburgh and Lyon, Palgrav Macmilan, 2024, p 63-82, p 68,73.

[4] Therese Pearce Laanela, *Special Voting Arrangements Between the Convenience of Voting and the Integrity of Elections*, available on website: https://www.idea.int/sites/default/files/2023-09/introducing-electronic-voting.pdf, last visited 11/7/2025.

ژمارەی تۆمارکردنیان لە لیستی هەڵبژاردن و نووسینگەی دەنگدانیان تیادا باسکرابێت، هەروەها بریکارنامەکە واژووی هەریەک لە خاوەنی بریکارنامە (بریکاردەر) و ئەو دەسەڵاتەی کە بریکارنامەکەی لە بەرامبەردا دەکرێت لەخۆ دەگرێت. و پێویستە لەسەر ئەو دەسەڵاتەی کە ئامادەکردنی بریکارنامەکەی لە بەرامبەردا دەکرێت لەسەر چاپکراوی بریکارنامەکە نیشانە بکات و مۆری بکات. جگە لەوە پێویستە بریکارنامەکە لە نێو دەفتەرێکی کراوە تۆمار بکرێت و بەروار و نیشانە دەکرێت لەلایەن سەرۆکی لێژنەی شارەوانی بۆ پێداچوونەوەی لیستی هەڵبژاردن، یان بەڕێوەبەری نەخۆشخانە، یان فەرماندەی یەکە، یاخود بەڕێوەبەری دامەزراوە بەپێی هەر دۆخێک لە دۆخەکان[1]. بەپێی یاسای ناوبراو، نووسین و ئامادەکردنی بریکارنامەکە دەست پێدەکات لە ماوەی نێوان (١٥) ڕۆژ لە دوای ئەو بەروارەی بۆ بانگهێشتکردنی دەنگدەران دیاریکراوە، و (٣) ڕۆژ پێش بەرواری دیاریکراو بۆ پرۆسەی دەنگدان کۆتایی پێ دێت[2]، هەروەها نووسینی بریکارنامەکە بە خۆڕاییە[3]، لە لایەکی ترەوە دەکرێت بریکاردەر بریکارنامەکەی هەڵبوەشێنێتەوە لە هەر کاتێکدا پێش دەنگدان[4].

شایەنی باسە هەرچەندە لە عێراق و هەرێمی کوردستان لە بوارەکانی تردا ڕێگە دراوە لە ڕێگەی بریکارنامەوە ئەنجام بدرێت کەچی لە بواری دەنگدان ڕێگری لێکراوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کەلتووری دیموکراسی لە عێراق و هەرێمی کوردستان نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی بۆ پراکتیزەکردنی مافە سیاسییەکان لە نێویاندا مافی دەنگدان میکانیزمی بریکارنامە پەیڕەو بکرێت، بۆیە ئێمە پێمان وایە هەڵوێستی یاسادانەری عێراقی و کوردستانی لەم بابەتەدا هەڵوێستێکی دروست نییە، چونکە لە دونیای مۆدێرن و دیموکراسییە هاوچەرخەکاندا دەنگدانی بە بریکارنامە میکانیزمێکی سەردەمییانە و زۆر بەربڵاوە بۆ پراکتیزەکردنی مافی دەنگدان، هەروەها هەروەک چۆن دەنگدان مافە بە هەمان شێوە دەکرێت دەنگدەر مافی بۆ بڕەخسێنرێت کە خودی خۆی یاخود لە ڕێگەی بریکارنامەوە دەنگ بدات، بەو پێیەی لە ڕێگەی بریکارنامەوە دەرفەتی دەنگدان بەو دەنگدەرانە دەدرێت کە ناتوانن یاخود بە زەحمەت دەتوانن ئەم مافە بە شێوەیەکی کەسی بەکاربهێنن، بەمەش دەنگدانی بە بریکارنامە پشتگیری لە پرەنسیپەکانی گشتیگیری و یەکسانی لە دەنگداندا دەکات و بەشداری دەکات لە گشتگیرترکردنی پرۆسەی دەنگدان و ئاسانکاری بۆ بەشداریکردنی فراوانتر[5]. بۆیە لەم ڕووەوە پێمان باشە یاسادانەری عێراقی و کوردستانی بەم هەڵوێستەی خۆیاندا بچنەوە و ڕێگە بە دەنگدەر بدەن بتوانێت لە ڕێگەی بریکارنامەوە پراکتیزەی مافی دەنگدان بکات بۆ زیاتر مسۆگەرکردنی بەشداریکردنیان لەم پرۆسە گرنگەدا.

---

[1] ايدابير عبد القادر، النظام القانوني لعملية التصويت وفق القانون العضوي 21-01 المتعلق بنظام الانتخابات، مجلة الاجتهاد للدراسات القانونية والاقتصادية، المجلد 13، العدد 1، 2024، ص 82-94، ص 85.

[2] بڕوانە ماددەی (١٦٢) لە (قانون العضوي الجزائري رقم (21-01) لسنة 2021 المتعلق بنظام الانتخابات).

[3] بڕوانە ماددەی (١٦٦) لە (قانون العضوي الجزائري رقم (21-01) لسنة 2021 المتعلق بنظام الانتخابات).

[4] بڕوانە ماددەی (١٦٤) لە (قانون العضوي الجزائري رقم (21-01) لسنة 2021 المتعلق بنظام الانتخابات).

[5] **Office for Democratic Institutions and Human Rights, *Alternative voting methods and arrangements*, available on website: https://www.osce.org/files/f/documents/2/a/466794.pdf, last visited 11/7/2025.**

## دەرئەنجام و ڕاسپاردەکان

دوای تەواوکردنی نووسینی ئەم توێژینەوەیە و شرۆڤەکردن و لێکدانەوەی لایەنە جیاوازەکانی بابەتەکە، گەیشتین بە گرنگترین ئەم دەرئەنجام و ڕاسپاردانەی خوارەوە:

### یەکەم – دەرئەنجامەکان:

1. دەستەبەرکردنی بەشداریکردنی دەنگدەران لە پرۆسەی دەنگدان لە ڕێگەی چەند میکانیزمێکەوە دەبێت کە لەلایەن وولاتانەوە پیادە دەکرێن، بە شێوەیەک لە پاڵ هەبوونی میکانیزمە باو و کلاسیکییەکانی دەنگدان میکانیزمی تر پەیڕەو دەکرێن، ئەمەش بە مەبەستی زیاتر زەمینە ڕەخساندنی هەلی پڕاکتیزەکردنی مافی دەنگدان بۆ سەرجەم توێژەکانی دەنگدەران بە شێوەیەکی یەکسان.

2. دەنگدانی گشتی بە کۆنترین و بەربڵاوترین میکانیزم دادەنرێت لە پرۆسەی دەنگدان کە تاوەکو ئێستا لە وولاتە دیموکراسییەکاندا کاری پێ دەکرێت، بە شێوەیەکی گشتی وادەی بەڕێوەچوونی پرۆسەی دەنگدان لە ژێر سایەی ئەم میکانیزمە بریتییە لە یەک ڕۆژی دیاریکراو کە لەلایەن دەسەڵاتی تایبەتمەندەوە دیاری دەکرێت.

3. میکانیزمی دەنگدانی پێشوەختە بە مەبەستی ئاسانکاریکردن بۆ دەنگدەران هاتۆتە کایەوە، بۆ ئەوەی لە پڕاکتیزەکردنی ئەم مافە دەستووریی و سیاسییە بێبەش نەبن و دەنگ بە پاڵێوراوی دڵخوازی خۆیان بدەن، ئەمەش بەهۆی ئەوەی ڕەوشێکی تایبەتیان هەیە کە ڕێگەیان نادات لە ڕۆژی دەنگدانی گشتی دەنگ بدەن، بۆیە هەرچەندە لە کاتێکی زووتر پێش وادەی دەنگدانی گشتی ئەنجام دەدرێت بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەر لە چوارچێوەی پرۆسەی دەنگدان هەژمار دەکرێت.

4. پەرەسەندنی شۆڕشی تەکنەلۆژیا کە جیهانی ئەمڕۆمان بەخۆیەوە بینیوە، ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە لە پاڵپشتیکردنی دیموکراسییەت، لە ڕێگەی دابینکردنی ئامرازی نوێ بۆ پڕاکتیزەکردنی مافی دەنگدان لەلایەن دەنگدەرانەوە بە ئاسانترین شێواز، بە شێوەیەک یارمەتیدەرە لە هاوبەشیکردنی گشت توێژەکانی کۆمەڵگە لە دروستکردنی بڕیار و ئاڵوگۆڕی ئاشتییانەی دەسەڵات، بە تایبەت بۆ ئەو هاوڵاتییانەی کە لە دەرەوەی وولات نیشتەجێن یاخود دۆخی تایبەتیان هەیە.

5. سەرەڕای گرتنەبەری چەند ڕێوشوێنێکی ئەلیکترۆنی لە بواری هەڵبژاردن لە عێراق و هەرێمی کوردستان، بەڵام تا ئێستا پرۆسەی دەنگدان و چۆنیەتی دەنگدان بە شێوازێکی کلاسیکی بەڕێوە دەچێت و نەتوانراوە هاوتەریب لەگەڵ پێشکەوتنە سەردەمییەکاندا خۆی بگونجێنێت، بۆیە زۆرجار ڕووبەڕووی ناڕەزایەتی و ڕەخنە دەبێتەوە.

6. لەپێناو مسۆگەرکردن و بێبەش نەبوونی دەنگدەران لە پڕاکتیزەکردنی مافی دەنگدان و بەشداریکردنیان لە پرۆسەی دەنگدان، لە سیستەمی یاسایی هەندێک لە وولاتاندا ڕێپێدراوە بەوەی دەکرێت لە ڕێگەی بریکارنامەوە دەنگ بدرێت سەبارەت بەو دەنگدەرانەی کە خۆیان ناتوانن بە شێوەیەکی کەسی دەنگ بدەن، بە دڵنیاییەوە ئەمەش هەژمار دەکرێت بە گەرەنتییەک بۆ دەنگدەران و بە چارەسەرێکی گونجاو وێنا دەکرێت.

7. یاسادانەری عێراقی و کوردستانی لە نێو یاسای هەڵبژاردندا بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە ڕێگرییان کردووە لە پڕاکتیزەکردنی مافی دەنگدان لە ڕێگەی بریکارنامەوە، لە کاتێکدا لە بوارەکانی تردا بریکارنامە ڕێگەی پێدراوە. پێمان وایە هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەوا کەلتووری دیموکراسی لە عێراق بە گشتی نەگەیشتۆتە ئەو ڕادە تێگەیشتووەی کە بکرێت بۆ پڕاکتیزەکردنی مافی دەنگدان ڕێگەی بریکارنامە بگیردرێتەبەر.

8. بڵاوبوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا "COVID-19" لە ساڵی ٢٠٢٠، کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبوو لەسەر پرۆسەی دەنگدانی وولاتان، بە شێوەیەک بووە هۆی پێویستی پەنابردن یاخود پەرەپێدان و فراوانترکردنی چوارچێوەی میکانیزمەکانی تر لە پاڵ میکانیزمی دەنگدانی گشتی و بەڕێوەچوونی دەنگدان بە شێوازی کلاسیکی، ئەمەش بە ئامانجی دڵنیابوون لە بەشداریکردنی زۆرترین ڕێژەی دەنگدەران لە پرۆسەی دەنگدان، لێکەوتە ئەرێنییەکانی گرتنەبەری ئەم میکانیزمانە وای کردووە وولاتان بەردەوام بن لە پیادەکردنیان.

## دووەم - ڕاسپاردەکان:

1. زیادکردنی دەنگدەرانی نیشتەجێی دەرەوەی عێراق و هەرێمی کوردستان یاخود ئەوانەی کە گەشتکردنەکەیان بۆ دەرەوەی وولات دەکەوێتە ڕۆژی دەنگدانی گشتی لە نێو توێژەکانی پرۆسەی دەنگدانی پێشوەختە لە یاسای هەڵبژاردنی عێراق و هەرێمی کوردستان، ئەمە دەبێتە ئاسانکاری و گەرەنتییەک بۆ پراکتیزەکردنی مافی دەنگدان لەلایەن ئەم کەسانەوە بۆ ئەوەی ئەمانیش بێبەش نەبن لە بەشداریکردن لە پرۆسەی دەنگدان.

2. یاسادانەری عێراقی لە نێو یاسای هەڵبژاردندا ڕێگە بدات بە نەخۆشانی نێو نەخۆشخانەکان و بەندکراوانی نێو بەندیخانەکان لە پرۆسەی دەنگدانی پێشوەختە دەنگ بدەن، بەو پێیەی لە نێو یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەنجوومەنی پارێزگاکان و قەزاکان ژمارە (١٢) ساڵی ٢٠١٨ی هەموارکراو ئاماژەی بەو توێژانە نەکردووە لە چ کاتێکدا دەنگ دەدەن کە ئەمەش کەموکورتی و بۆشایی یاساییە.

3. وادەی بەڕێوەچوونی پرۆسەی دەنگدانی پێشوەختە لە عێراق و هەرێمی کوردستان لە یەک ڕۆژ بکرێتە سێ ڕۆژ، بەو پێیەی دەنگدانی پێشوەختە لە بنەڕەتدا بۆ دۆخی نائاسایی دانراوە بۆ ئەو کەسانەی کە ناتوانن لە ڕۆژی دەنگدانی گشتی بەشداری بکەن لە پرۆسەکە، بەڵام ڕەنگە ئەو کەسانە نەتوانن لە یەک ڕۆژدا دەنگ بدەن بەهۆی دۆخی تایبەتی خۆیانەوە، بۆیە ئەگەر ماوەکە چەند ڕۆژێک بێت دەبێتە هۆی پێدانی هەلی زیاتر بەو کەسانە تا بتوانن پراکتیزەی مافی خۆیان بکەن لە دەنگدان و لە بەشداریکردن لە پرۆسەکە بێبەش نەبن.

4. لە عێراق و هەرێمی کوردستان شێوازی کلاسیکی لە پراکتیزەکردنی دەنگدان نەمێنێت و بکرێتە شێوازی ئەلیکترۆنی، بە جۆرێک بۆ هاوڵاتییانی ناوەوەی عێراق و هەرێمی کوردستان شێوازی دەنگدانی ئەلیکترۆنی ڕاستەوخۆ لە شوێنی دەنگدان پەیڕەو بکرێت، بە واتای دەنگدەر بچێتە وێستگەی دەنگدان و لەوێدا دەنگ بدات بەڵام بە شێوەیەکی ئەلیکترۆنی بە دەست لێدان لەسەر شاشەیەکی ئەلیکترۆنی یاخود ئامێری هاوشێوە، هەروەها بۆ هاوڵاتییانی نیشتەجێی دەرەوەی عێراق و هەرێمی کوردستان یاخود ئەو هاوڵاتییانەی ناتوانن لە ڕۆژی دەنگدان لە شوێنی دەنگدان ئامادە بن بەهۆی دۆخی تایبەتی خۆیانەوە شێوازی دەنگدانی ئەلیکترۆنی لە دوور لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە پیادە بکرێت.

5. یاسادانەری عێراقی و کوردستانی بە هەڵوێستی خۆیاندا بچنەوە لە بارەی پەیڕەوکردنی میکانیزمی دەنگدانی بە بریکارنامە لە پرۆسەی دەنگدان و بوار بدەن بە دەنگدەر لە ڕێگەی بریکارنامەوە پراکتیزەی مافی دەنگدان بکات لەو بارانەی کە ناتوانێت بە شێوەیەکی کەسی بەشدار بێت لە پرۆسەکە، بە جۆرێک ڕێکاری یاسایی وورد دابڕێژن بۆ ئەم میکانیزمە.

## لیستی سەرچاوەکان


### یەکەم – پەرتووکەکان:

#### أ – بە زمانی کوردی:

1. چواس حەسەن، سیستەمەکانی هەڵبژاردن و پێوەرەکانی هەڵبژاردنێکی ئازاد و بێگەرد، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٧.
2. خامۆش عمر عبدالله، چوارچێوەی دەستوری و یاسایی هەڵبژاردن، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٦.
3. محەمەد خورشید تۆفیق، سەرەتایەک بۆ تێگەیشتنی هەڵبژاردن، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٣.

#### ب – بە زمانی عەرەبی:

1. الان وول وآخرون، اشكال الإدارة الانتخابية، دليل المؤسسة الدولية للديمقراطية والانتخابات، تعريب ايمن أيوب بمساهمة من علي الصاوي، منشورات المؤسسة الدولية للديمقراطية والانتخابات (International IDEA)، ستوكهولم-السويد، 2007.
2. جمال محمد حسن، العملية الانتخابية ودور التقنيات الحديثة فيها، دار الجامعة الجديدة، الاسكندرية، 2011.
3. سرهنك حميد البرزنجي، دراسات دستورية معمقة، الطبعة الأولى، منشورات زين الحقوقية، بيروت-لبنان، 2019.
4. ماجد راغب الحلو، النظم السياسية والقانون الدستوري، الطبعة الأولى، منشأة المعارف، الاسكندرية، 2000.
5. محسن خليل، القانون الدستوري والنظم السياسية، بدون مكان الطبع، 1987.

#### ج – بە زمانی ئینگلیزی:

**1. Peter Wolf and others, *Introducing Electronic Voting: Essential Considerations*, Policy Paper, International Institute for Democracy and Electoral Assistance (International IDEA), Stockholm-Sweden, December 2011.**

**2. Piret Ehin and Liisa Talving, « Elections and Special Voting Arrangements », in : Clara Egger and others (edit.), *Covid-19 Containment Policies in Europe*, Pittsburgh and Lyon, Palgrav Macmilan, 2024.**

### دووەم – توێژینەوەکان:

#### أ – بە زمانی عەرەبی:

1. ايدابير عبد القادر، النظام القانوني لعملية التصويت وفق القانون العضوي 21-01 المتعلق بنظام الانتخابات، مجلة الاجتهاد للدراسات القانونية والاقتصادية، المجلد 13، العدد 1، 2024، ص 82-94.
2. بسمة محمد امين، التصويت الالكتروني كاحدى آليات التحول الرقمي، دراسة تحليلية للمادة 3 من قانون الهيئة الوطنية للانتخابات رقم 198 لسنة 2017م، مجلة البحوث القانونية والاقتصادية، العدد 86، 2023، ص 553-761.
3. بلغالم علي و مزواغي نبيلة، التصويت الالكتروني: المفهوم والتحديات، مجلة العلوم القانونية والاجتماعية، المجلد الثامن، العدد الثالث، سبتمبر 2023، ص 394-412.

4. حسين جبار النائلي و بنين قاسم محمد، التنظيم القانوني للتصويت الالكتروني للاختيار أعضاء المجالس النيابية (دراسة مقارنة)، مجلة المحقق الحلي للعلوم القانونية والسياسية، العدد الثاني، السنة الرابعة عشر 2022، ص 396-429.
5. سرهنك حميد البرزنجي و داليا شيركو شاكر، التصويت الخاص في التشريعات الانتخابية، دراسة مقارنة، مجلة دراسات قانونية وسياسية، السنة الرابعة، العدد الثامن، تشرين الأول 2016، ص 87-124.
6. صالح حسين علي، التصويت الالكتروني بين القوة والضعف، مجلة الجامعة العراقية، المجلد 19 لوقائع مؤتمر القانون والعالم الرقمي، العدد 19، أيلول 2023، ص 27-39.
7. فيصل شطناوي، عمومية الاقتراع، كلية الحقوق، الجامعة الأردنية، دراسات، علوم الشريعة والقانون، المجلد 34، (ملحق)، 2007، ص 581-603.
8. كارون محمد ارزقي، اثر الاقتراع العام المباشر على المركز القانوني لرئيس الجمهورية في الجزائر، مجلة الفكر القانوني والسياسي، المجلد السابع، العدد الثاني، 2023، ص 1020-1038.
9. المستاري محمد امين و عبار عمر، التصويت الالكتروني وفرض تطبيقه في الجزائر، مجلة القانون العام الجزائري، المجلد الثامن، العدد 02، ديسمبر 2022، ص 333-352.
10. وهج خضير عباس و سهى زكي نوري، آلية التصويت الالكتروني في الانتخابات البرلمانية (دراسة لتطوير التجربة الانتخابية في العراق)، مجلة المحقق الحلي للعلوم القانونية والسياسية، العدد الرابع، السنة السابعة 2015، ص 450-480.

ب – به زمانى فەڕەنسى:

- **Baptiste Coulmont, « Citoyens à plusieurs : la procuration, un contrat de confiance ? ». *Crises de confiance ?* La Découverte, 2020, p 142-158.**

سێیەم – دەقە دەستووریی و یاساییەکان:

1. دستور جمهورية العراق لسنة 2005.
2. قانون العضوي الجزائري رقم (21-01) لسنة 2021 المتعلق بنظام الانتخابات.
3. قانون انتخابات مجلس النواب ومجالس المحافظات والاقضية العراقي رقم (12) لسنة 2018 المعدل.
4. یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو.
5. یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان – عێراق ژمارە (١) ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو.
6. نظام الاقتراع والعد والفرز لانتخاب مجلس النواب العراقي رقم (9) لسنة 2025.
7. إجراءات الاقتراع والعد والفرز الالكتروني واليدوي لانتخاب برلمان إقليم كوردستان – العراق 2024.
8. نظام الاقتراع والعد والفرز لانتخاب برلمان إقليم كوردستان – العراق رقم (1) لسنة 2023.

چوارەم – وێبسایتەکان:

أ – به زمانى عەرەبى:

1. الجزيرة، الاقتراع العام المباشر، متاح على الموقع الالكتروني:

https://www.aljazeera.net/encyclopedia/2015/11/16، تاريخ اخر الزيارة 2025/5/31.
2. المفوضية العليا المستقلة للانتخابات، النتائج – IHEC Website، ص 8، متاح على الموقع الالكتروني:
https://share.google/pILotDA2EwGAZZySM، تاريخ اخر الزيارة 2025./2/19
3. شبكة شمس لمراقبة الانتخابات، تفرير مراقبة انتخابات برلمان إقليم كوردستان – العراق الدورة السادسة 2024، نسب المشاركة، ص 66، متاح على الموقع الالكتروني:
https://www.sun-network.org/، تاريخ اخر الزيارة 2025./2/19
4. Nada Magdy، تعريف الاقتراع والفرق بين الاقتراع والانتخاب، مزايا الاقتراع العام المباشر، متاح على الموقع الالكتروني:
https://qanonbelaraby.com، تاريخ اخر الزيارة 2025./6/2
5. شبكة المعرفة الانتخابية ace، الاقتراع المبكر، متاح على الموقع الالكتروني:
https://aceproject.org/ace-ar/topics/، تاريخ اخر الزيارة 2025/3/1.
6. بيير يعقوب، الانتخابات الرئاسية الامريكية، أهمية ومؤشرات التصويت المبكر في الانتخابات الرئاسية الامريكية، متاح على الموقع الالكتروني:
https://marsad.ecss.com.eg/82817، تاريخ اخر الزيارة 2025./6/5
7. العربية، انتخابات العراق.. 69% شاركوا في التصويت الخاص ولا خروقات امنية، متاح على الموقع الالكتروني:
https://www.alarabiya.net/arab-and-world/، تاريخ اخر الزيارة 2025/6/6.
8. كونا KUNA، مفوضية الانتخابات العراقية: 97 بالمئة نسبة التصويت في انتخابات كردستان، متاح على الموقع الالكتروني:
https://www.kuna.net.kw/ArticleDetails.aspx?id=3188428&language=ar، تاريخ اخر الزيارة 2025/6/6.
9. صدام فيصل كوكز المحمدي، التصويت الالكتروني وامن العملية الانتخابية الالكترونية "دراسة لتطوير التجربة الانتخابية العراقية"، متاح على الموقع الالكتروني:
https://www.researchgate.net، تاريخ اخر الزيارة 2025./3/11
10. شبكة المعرفة الانتخابية ace، الانتخابات والتكنولوجيا، التكنولوجيا لعمليات التصويت، الأنظمة التصويت الالكترونية، أنظمة المسح الضوئي، متاح على الموقع الالكتروني:
https://aceproject.org/ace-ar/topics/، تاريخ اخر الزيارة 2025./3/8
11. MCD مونت كارلو الدولية، منذ أن حل ماكرون البرلمان.. ارتفاع غير مسبوق في طلبات التوكيلات للانتخابات التشريعية، متاح على الموقع الالكتروني:
https://www.mc-doualiya.com، تاريخ اخر الزيارة 2025./3/22
12. شبكة المعرفة الانتخابية ace، اجراءات الاقتراع، التصويت بالوكالة او بالإنابة، متاح على الموقع الالكتروني:
https://aceproject.org/ace-ar/topics/ ، تاريخ اخر الزيارة 2025/3/18.

**ب – به زمانی ئینگلیزی:**

1. POLYAS Election Glossary, *Advance Voting*, available on website: https://www.polyas.com/election-glossary/advance-voting, last visited 26/2/2025.
2. The ACE Electoral Knowledge Network, *Voting Procedures*, available on website: https://aceproject.org/ace-en/topics/, last visited 28/2/2025.
3. LWV LEAGUE OF WOMEN VOTERS, *Why We're Voting Early*, available on website:
https://www.lwv.org/blog/why-were-voting-early, last visited 3/3/2025

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

**4. Hans A. von Spakovsky, *Early Voting Disadvantages Seem to Outweigh Benefits*, available on website:**
**https://www.heritage.org/election-integrity/commentary/early-voting-disadvantages-seem-outweigh-benefits, last visited 5/6/2025.**
**5. The ACE Electoral Knowledge Network, *Electronic Voting Systems*, available on website:**
**https://aceproject.org/ace-en/topics/, last visited 5/3/2025.**
**6. Kai R. T. Larsen, *Voting Technology Implementation,* available on website:**
**https://cacm.acm.org/research/voting-technology-implementation, last visited 8/6/2025.**
**7. Sudev Kiyada and Anand Katakam, *How India conducted the world's largest election*, available on website:**
**https://www.reuters.com/graphics/INDIA-ELECTIONS/, last visited 7/6/2025.**
**8. International IDEA, Global in-country proxy voting data, *proxy voting*, available on website:**
**https://www.idea.int/data-tools/tools/special-voting- arrangements/proxy-voting-in-country, last visited 17/3/2025.**
**9. The ACE Electoral Knowledge Network, Voting Procedures, *Proxy Voting*, available on website:**
**https://aceproject.org/ace-en/topics/, last visited 17/3/2025.**
**10. Margret Wood, *Proxy Voting in France,* available on website:**
**https://blogs.loc.gov/law/2017/06/proxy-voting-in-france/, last visited 20/3/2025.**
**11. Cécile de Sortiraparis and others, *LEGILATIVE ELECTIONS 2024: HOW TO VOTE BY PROXY?*, available on web site:**
**https://www.sortiraparis.com/en/news/in-paris/articles/273526-legislative-elections-2024-how-to-vote-by-proxy, last visited 20/3/2025.**
**12. Therese Pearce Laanela, *Special Voting Arrangements Between the Convenience of Voting and the Integrity of Elections*, available on website:**
**https://www.idea.int/sites/default/files/2023-09/introducing-electronic-voting.pdf, last visited 11/7/2025.**
**13. Office for Democratic Institutions and Human Rights, *Alternative voting methods and arrangements,* available on website:**
**https://www.osce.org/files/f/documents/2/a/466794.pdf, last visited 11/7/2025.**

# التنظيم القانوني لآليات ممارسة حق التصويت في العراق

## (دراسة تحليلية)


| |
|---|
| ديمەن فاضل محمد |
| قسم القانون، كلية القانون، جامعة صلاح الدين – أربيل، أربيل، إقليم كوردستان – العراق |
| البريد الالكتروني: deman.mohammed@su.edu.krd |
| ا. م. د. شاهۆ غفور احمد |
| قسم القانون، كلية القانون، جامعة صلاح الدين – أربيل، أربيل، إقليم كوردستان – العراق |
| البريد الالكتروني: shaho.ahmed@su.edu.krd |



### الملخص

إن حق التصويت، كأحد من أهم الحقوق السياسية وأكثرها فعالية، ستتم ممارستها من خلال آليات عدة مذكورة في دساتير الدول وقوانينها الانتخابية. فبالإضافة إلى اعتماد آلية التصويت العام خلال عملية التصويت، يسمح في بعض الحالات بالتصويت المبكر او التصويت الخاص لضمان عدم حرمان الناخبين الذين لا يستطيعون التصويت يوم الانتخابات العامة. في الوقت نفسه، دفع عصر الثورة الرقمية الحالي الدول إلى التفكير في اللجوء إلى عملية التصويت الإلكتروني وتجنب اتباع الطريقة التقليدية، كما أن النظام القانوني لبعض الدول يسمح بحق التصويت بالوكالة. وبالعودة إلى القوانين الانتخابية النافذة في العراق وإقليم كوردستان، نجد أن هناك قصورا وثغرات قانونية تتعلق بآليات ممارسة الناخبين لحقهم في التصويت، مما سيؤثر سلبا على مستوى مشاركة الناخبين. ورغم الجهود المبذولة، لا يزال يمارس حق التصويت في العراق وإقليم كوردستان باتباع اساليب تقليدية، ولا يسمح للناخبين بممارسة حقهم بالوكالة عندما لا يستطيعون التصويت شخصيا.


الكلمات المفتاحية: حق التصويت، الناخب، التصويت الالكتروني، التصويت بالوكالة

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

# The Legal Regulation of the Mechanisms for Exercising the Right to Vote in Iraq

## (*An Analytical Study*)



| |
|---|
| **Deman Fadhil Mohammed** |
| **Department of Law, College of Law, Salahaddin University – Erbil, Erbil, Kurdistan Region – Iraq** |
| **Email: deman.mohammed@su.edu.krd** |
| **Assist. Prof. Dr. Shaho Ghafur Ahmed** |
| **Department of Law, College of Law, Salahaddin University – Erbil, Erbil, Kurdistan Region – Iraq** |
| **Email: shaho.ahmed@su.edu.krd** |




### ABSTRACT

**The right to vote, being a crucial and impactful political right, is practiced through various mechanisms outlined in the constitutions and electoral laws of different countries. Moreover, a universal voting system is implemented throughout the voting process; in certain instances, early voting is allowed to guarantee that voters unable to participate on general election day are not omitted. Concurrently, the ongoing digital revolution has led nations to contemplate implementing electronic voting and moving away from traditional methods. In certain countries, the legal framework permits voting by proxy. Examining the current electoral laws in Iraq and the Kurdistan Region, we identified legal gaps and weaknesses in the processes allowing voters to exercise their voting rights, which will inevitably affect voter turnout adversely. Regardless of the attempts undertaken, the practice of voting in Iraq and the Kurdistan region remains conventional, and voters cannot utilize proxy voting when they are traditional to cast their ballot in person.**


**Keywords: Right to vote, elector, electronic voting, proxy voting**